Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.2.5

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Sumaya Negeeb Khalil
Sumaya.khalil@su.edu.krd

RECEIVED :09 /09/2024
ACCEPTED :31/10/ 2024
PUBLISHED :15/04/ 2025

# ڕەنگدانەوەی'سەماع' لە شیعرەکانی مەولانای ڕۆمی و مەلای جەزیریدا

**سومەیە نەجیب خەلیل**/بەشی کیمیاوپترۆکیمیا،کۆلێژی ئەندازیاری، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەرێمی کوردستان،عیراق

**وشە سەرەکییەکان:**
سەماع،
مەولانای ڕۆمی،
مەلای جزیری،
قەسیدەی 'رەقصی مەستانە،
قەسیدەی چ داوەتە.

## پوختە

'سەماع' یەکێک لە خەسڵەتەکانی عیرفانی ئیسلامی، کە لە ئێستادا بە خەسڵەتی دیاری عیرفانی مەولانا هەژماردەکرێت. ئەم زاراوەیە لە بواری عیرفاندا لە مانا فەرهەنگییەکەی تێی پەڕاندوە و پانتاییەکی فراوانی لەخۆگرتووە؛ کە گوزارشتە لەو هەڵچوونە دەروونییە پڕ جەزبە و جۆش و خرۆشەی کە هاوکات جووڵەی جەستەی تایبەتیشی لەگەڵدایە .

گرنگترین خەسڵەتی عیرفانی مەولانا لە دیوانی شەمسدا 'سەماع' ە چونکە ئەو پێی وایە سەمای مەستانە باشترین ڕێگەیە بۆ درککردنی حەقیقەت و کامل بوونی مرۆڤ و لە کۆتاییشدا گەیشتن بە حەق. ئەم ڕوانگەیەی مەولانا بەخێرایی لە جیهانی عیرفانی ئیسلامیدا تەشەنەیکرد و پەیڕەوانی زۆری لێکەوتەوە. 'مەلای جزیری'یش وەکو یەک لە دیارترین میراتگرانی ڕێبازە عاشقانە و مەستانەکەی مەولانا، بابەتی سەماع' لە دیوانەکەی بەگشتی و لە قەسیدەی ' ڕەقصی مەستانە' و'چ داوەتە' دا بەتایبەت ڕەنگی داوەتەوە. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت چۆنیەتی ئەو ڕەنگدانەوە و کاریگەرییە بخرێتە ڕوو .

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتوە : لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە چەمک و ناساندنی زاراوەی 'سەماع' بەگشتی و لە عیرفانی ئیسلامی بەتایبەت دەکرێت، هەروەها ئاماژە بە بۆچوونی دیارترین سۆفی و عاریفانی ئیسلامی دەکرێت لەوبارەیەوە. دواتر باس لە مەرج و نەریتەکانی کۆڕی سەماع و جۆر و پەیوەندیەکانییشی دەکرێت. لەتەوەرەی دووەمیشدا بە پشت بەستن بە نموونەی شیعری ڕوانگەی هەریەک لە مەولانای ڕۆمی و مەلای جەزیری وەکو دوو دیارترین عارفی ئەم بوارە دەخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، لە کۆتایشدا گرنگترین ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان دەخرێنە ڕوو.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی

سەماع بە یەک لە دیارترین بەشی عیرفان و سۆفیگەری پراکتیکی هەژمار دەکرێت. دۆخێکی تایبەتە کەتێیدا سۆفی و عارف بەبیستنی ئاواز و دەنگی خۆش سەمایەکی مەستانە ئەنجامدەدەن، بە کردنەوەی دەستەکانیان و پێ لەزەوی کوتانیان و بە سوڕانەوەیان بەدەوری خاڵێکی دیاریکراودا، خۆیان لە قورسایی ناخیان دادەماڵن و ڕوحیان بەرزەفڕ دەکەن.

لەڕاستیدا سەماع هێمای مردن و گەیشتن بە ژیانە، واتا ڕێبوار پێویستە نەفسی خۆی بکوژێت تاوەکو بگات بە هۆشیاری و بە ئاگاییەوە بژیت. پێگەی سەماع وەکو هۆکارێکی گرنگ بۆ گەیشتن بە وەجد و جۆش و خرۆشی دەروونی ناسراوە، چونکە بایەخی سەماع لەوەدایە کە دەبێتە هۆی وەجد و جۆش و خرۆشی دەروونی، ڕیگەیەکی جوان و گونجاو لەگەڵ ڕوح و دەرووندا دەدۆزێتەوە و دڵەکان ناسکتر دەکات بۆئەوەی بەعیشقێکی شایستەوە ڕێگای حەق و ڕاستی بدۆزنەوە. بەمەش سوڕانەوە هێمای گەیشتنی زۆرینەیە بە یەکتا. بەسەرنجدانە سوڕانەوەی گەردوون و خولگەی بازنەیی هەسارەکان بەدەوری خۆردا سوڕانەوەی ڕێبواری مەعنەوی لە سەماعدا جێی بەهایە.

سەماع لەڕوانگەی هەریەک لە مەولانای ڕۆمی و مەلای جەزیرییەوە جیهادێکی ڕوحی پیرۆزە نەک چێژێکی جەستەیی، واتا پێچەوانەی زۆرینەی ئەو جۆرە سەماعانەیە کە لەسەردەمی ئێستادا بەدیدەکرێت. هەریەک لەو دووشاعیرە شارەزاییەکی تەواویان لە بابەتی سەماعدا هەبووە، بۆیە سەماع لای ئەوان جۆرە وەجد و سەرساممییەکی سۆفییانەیە و هۆکاری دەربازبوونی ڕوحە لە زیندانی جەستە و زیندوو بوونەوەیەتی لە هەوای عەشقی دولبەری حەقیقیدا. بەمەش ڕوانگەی عیرفانی باڵی بەسەر شیعرەکانیاندا کێشاوە و سەماع لای ئەوان دوورخستنەوەی مرۆڤە لەباری شەهوەت و خۆپەرستی و ئاشتکردنەوەیەتی لەگەڵ پێوەری بەندەیی پەیمانی ئەلەستدا. بۆیە سەماع لای ئەوان جۆرە پەرەستنێکە کە هەنگاوەکانی بەرەو گەیشتن بە حەق خێراتر کردووە.

### میتۆدی باسەکە:

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی وەسفی-شیکاری بەستراوە.

### هۆی هەڵبژاردنی باسەکە:

بەسەرنجدانە لیستی توێژینەوە کوردییەکان تێبینی ئەوە دەکرێت کە بابەتی 'سەماع' بەشێوەی سەربەخۆ وتایبەت کاری لەسەر نەکراوە، بەڵکو زیاتر لە دووتوێی زاراوەی فەرهەنگی یاخود لەپاڵ بابەتی دیکەدا باسکراوە، بۆیە بە پێویستمان زانی بەشێوەی تایبەت و سەربەخۆ کاری لەسەر بکەین. هۆکاری هەڵبژاردنی مەولانای ڕۆمی و مەلای جەزیریش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەردوو شاعیر لە قەڵەمڕەوی شیعری عیرفانی بەگشتی و بابەتی سەماعدا بەتایبەت ڕوانگەی هاوبەشیان هەیە. هەروەها هەوڵدراوە لە ئەنجامی شەن و کەوکردنی شیعرەکانیانەوە چەندێتی و چۆنییەتی ئەو هاوبەشییە بزانرێت.

### پرسیاری توێژینەوە:

- ئامانجی هەریەک لەوشاعیرانە لە مەزراندنی بابەتی سەماع لە شیعرەکانیاندا چی بووە؟
- خاڵی هاوبەش و جیاوازی ڕوانگەی هەریەک لەو دوو شاعیرە لەمەڕ بابەتی سەماعەوە چی بووە؟

### پلان و پرۆگرامی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لەپێشەکیەک و دوو تەوەرە پێکهاتووە: کە تەوەری یەکەم تیۆرییەو دوو تەوەرەکەی دیکەش پراکتیکیە، بەگوێرەی ڕیزبەندی بابەتی ناونیشانەکە و گرنگ و پێویستی بابەتەکان بەم شێوەیە دارێژراوە:

### یەکەم:

#### ١-١ چەمک و پێناسەی سماع:

لەبنچینەدا ئەم زاراوەیە وشەیەکی عەرەبیە و لە وشەی 'سمع' هوە هاتوە؛ کە بەمانای بیستن، بیستراو، ئاواز دێ. دواتر بەپێی تێپەڕبوونی کات وشەکە مانا فەرهەنگییەکەی کاڵ دەبێتەوە و زیاتر مانا خوازراوەکەی بەکاردێت، کە سەمای مەستانەی سۆفی و عاریفە عاشقەکانە بۆ گەیشتن بە سەرچاوەی حەق. بۆیە دەبینرێت لە زۆربەی فەرهەنگی زاراوەکاندا

ئەم دوو زاراوەیە وەکو دوانەیەکی لێکدانەبڕاو دێن. بۆنموونە: لەفەرهەنگی معین' دا بەم شێوەیە هاتوە: (بیستن، هەستی بیستن، ئاواز، سروود و وەجد و پێ کوتان و دەست کردنەوەی سۆفییەکان جا بەتاک بێت یان کۆ). (معین:١٣٩٠: ذیل سماع)

هەروەها لە فەرهەنگی زاراوە عیرفانیەکانیشدا هەمان ڕوانگە بەدیدەکرێت، بۆنموونە: (( 'سماع' بیستن، خۆشی و سەماو جوڵەی دەستوپێی سۆفیانە)) (سجادی:١٣٨١: ذیل سماع) واتا سەماع بەمانای دەنگی خۆشی قورئان، نەغمەی باڵندە، دەنگی سروشت...عاریفان سەرچاوەی دەنگی خۆش بە پەیامی حەق دەزانن و بەو-موعجیزە- پەرجووەی دەزانن کە خودا بە پەیامبەر 'داوودی' 'درودی خوای لەسەربێ' بەخشی بوو، چونکە لەکاتی تیلاوەی زەبووردا مرۆڤ و باڵندەو تەنانەت جنۆکەکانیش گوێیان بۆ گرتووە و لە کۆڕی خۆیدا هەزارەها جەنازەی هەڵگرتووە (سورەوەردی:٢٠٢١: ٢٢١). بۆیە بەبیستنی ئاواز و دەنگی خۆش دێنە جۆش و خرۆش و لە جیهانی ماددی دادەبڕێن و پەیوەندی بە جیهانی باڵاوە دەکەن.

زاراوەی سەماع لەسەردەمی گەشەی عیرفانی ئیسلامیدا باسی زۆری لێوەکراوە و هەندێک لە ڕێبوارانی مەعنەوی مەیلێکی ئەوتۆیان بۆ بابەتەکە دەرنەبڕیوە، یاخود مەرجی سەختیان بۆداناوە. لەبەرامبەریشدا گروپی عاریفە عاشقانەکان 'سەماع' یان بە هۆکارێک داناوە بۆ جەزبی پەیامی دڵ لەلایەن دلبەرەوە. تا بەهۆیەوە درک بە نوری وەجدی ئیلاهی بکرێت. بۆیە (لەعیرفاندا سەماع یەکێکە لەبەرنامەکانی ڕێبواری تەریقەت کە گوزارشت لەو 'وەجد' و سرود و سوڕانەوەیە دەکات کە بەشێوەی تاک یان کۆ ئەنجام دەدرێت. سۆفییەکان لەم نەریتەدا سوود لە ئاوازی خۆش و ئاهەنگی ڕوح و وتە و غەزەل وەردەگرن، تاوەکو خۆشی و ئارامی ببەخشنە دڵەکانیان و سەرنجیان بەرەو لای حەق بێت).(یوسف پور:١٣٨٠: ٢٥٩)

لەعیرفاندا زاراوەی سەمای مەستانە و 'سەماع' هاوتای یەکترن و بەو جووڵەو لەرزینی جەستەیە دەگوترێت کە سەرچاوەکەی دەروونی مرۆڤە هەروەک چۆن لەکاتی سەماعدا هەندێک شت دەگوترێت ماناکەی نهێنییە بەهەمان شێوە هەندێکجار مانای جوڵەکانیش نهێنین. بەبۆچوونی عاریفان ئەم سەمایە هێمای پێکهاتەی گەردوون و بوونەوەرانە چەند جووڵەیەکە بۆ لەخۆ بەدەربوون و ئازادکردنی ڕووح لەزیندانی جەستەدا. لەهەمانکاتدا 'سەما' ش جوڵەیەکی جەستەییە کە تێدا کەفوکوڵی دەررون دادەمرکێتەوە. لەزۆر کتێب و فەرهەنگی جیاواز لە سۆفیگەری و عیرفانیشدا باسی لێوە کراوە لەوانە: لە فەرهەنگی هێماکاندا بەم شێوەیە هاتووە: (( سەما ئاهەنگێکی پیرۆزە، گوتەیەکی ئەودیوی وشەیە...لەوشوێنەی کە قسە بەش ناکا سەما دەستپێدەکات... سەما دەسپێکێکی زۆرجار تەقینەوە ئامێزە...لەو شوێنەیکە ڕوح و جەستە، خالق و مەخلوق، بینراوو نەبینراو لەدەرەوەی کات و لەوپەڕی ڕاستگۆییدا یەکتاو تاقانە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە... سەمای داوود بەرامبەر بە تابووتی عەهد و ئەوەیکە مەولانا بنیاد گوزاری دەروێشە سووڕوەکان دێنێتە شەوق لەکۆی ئەم دەستەواژەیەیە.)) (شوالیەودیگران:١٣٨٨: ٣٣٩-٣٤١) واتا کاتێک بڕیارە دوو بوونی جیاواز کە بوونی خالق و مەخلوقە پێکەوە کۆ ببنەوە بۆ نوێکردنەوەی پەیمانی ئەلەست، ئیتر زمان لەو ئاستی دەربڕینەدا لاوازە، بۆیە لەو ساتەدا سەرتاپای جەستە دەبێتە گوێ و تەنها گوێ دەبیستێت و هەستەکانی دیکە ڕادەوەستن، بەمەش زمان گۆناکا بۆ دەربڕینی ئەو دۆخە، لەبری زمان جەستە دێتە گۆو بەجۆرە جووڵەیەکی تایبەت زمانی هێما ئامێز بەکاردەهێنێت.

سەماع سەکۆی بەیەکگەیشتنی هەست و نەستەکانی سۆفی و عاریفە، واتا ئەو کاتەیە کە هەستی دیار-بیستن- و هەستی شاراوە- نهێنییەکانی دڵ- بەیەکدەگەن. بۆیە ئەوان دڵی مرۆڤ بە گەنجینە -سندوق-ێکی پڕ لە نهێنی و گەوهەر دادەنێن کە تێیدا گەوهەری گرانبەها شاردراوەتەوە، بۆ دەرهێنانی ئەو گەوهەرە پێویستە بە ڕێڕەوی گوێدا تێپەڕی، چونکە گوێ ڕێچکەیەکە بەرەو دڵ. سەماع خۆی دەسپێک و سەرەتای کارە، دەربڕی ئەو حاڵەتەیە کە لە دڵدا پێی دەوترێت 'وەجد' ئەم وەجدەیە دەبێتەهۆی جووڵەی ئەندامەکانی جەستە، ئەگەر جووڵەکە ناڕێک بێت پێی دەوترێت 'اضطراب' شێواو، ئەگەریش ڕێک بێت پێی دەوترێت ڕێکخراو 'تصفیف' واتا چەپڵەو سەما. (سجادی:١٣٧٢: ٢٦٢) ئەو جوڵانەش یان لەئاگاییەوە سەرچاوە دەگرن و لەژێر کۆنترۆڵی مرۆڤدایە، یانیش لەکۆنترۆڵی مرۆڤ دەردەچێت و کۆمەڵێک جوڵە ئەنجامدەدرێت کە لە نائاگاییەوەیە، کەلای سۆفیەکان ئەم جۆرەیان پەسەندە.

عاریف کۆمەڵێک نهێنی خۆشەویستەکەی-حەق- ی لە دڵدایە کە مۆڵەتی دەربڕینی پێ نەدراوە مەگەر لە حالی سەمادا نەبێت. بۆیە زۆرجار 'سەماع' دەبێتەهۆی ئاشکرا کردنی نهێنییە شاراوەکان و یەک لە هۆکارەکانی ئاشکراکردنیش بەئاگا

هێنانەوەیە. سەماع خۆشی و چالاکی دڵە هەرکات دڵ خۆشی-صفا-ی تێکەوت، ئەوا حەق تییدا بەشێوەی جۆراوجۆر تەجەللی دەکات، بەمەش یان دەنگێک لە نادیارەوە بانگی دەکات یانیش خەوێکی ڕاست دەبینێت، سۆفی بەگشتی مۆسیقاو سەماع بە پێکهاتەی ڕوح وپاکسازی دڵ و گیان دەزانێت (زرین کوب:١٣٧٨: ١٢٩). لێرەدا دەکرێت بگوترێت سەماع گۆڕینی حال و دۆخی سۆفیە لەحالەتی 'دڵگوشین' ەوە بۆ 'دڵگوشاد'. چونکە بەردەوام شاردنەوەی نهێنیەکان و ترس لە درکانیان دۆخی ناخۆشی و خەمباری لای سۆفی دروستدەکات، بەڵام کاتێک کە سەما دەکات دڵی پڕ دەبێت لە وەجد و خۆشی. بۆیە لێرەدا سەماع ڕۆڵی وەرچەرخان دەبینێت لە دەروون و حاڵی ڕێبواردا.

کەواتە سەماع تەنها جوڵەیەکی ساکاری جەستەیی نیە، بەڵکو (( ئەو جۆرە جوڵەیەی دەست و پێیەکانە، کە مانای تایبەتی خۆی هەیە و هێمای حالەتی مەعنەوی و ڕوحانیە. ئەگەر هەواو هەوەس و یاری و ڕابواردنی لەگەڵدابێت گونجاو نییە و بەحەرام لەقەڵەم دەدرێت)) (سجادی:١٣٨٤: ٢٥٧) لەبەر ئەمەیە کە پێویستە سەماع خاوەنی چەند نەریت و ڕێسای تایبەت بەخۆی بێت بۆئەوەی بەدووربێت لە حەرام بوون. لەم ڕووەوە دەکرێت بگوترێت: سەماع سکەیەکی دووڕووە کە دیوێکی ڕواڵەتەکەی فیتنەیە و ناوەڕۆکەکەی پەندە. بۆ ئەهلی مەعریفەت و پیاوانی ئیشارەت عیبرەتە و بۆ جگەلەوان فیتنەیە..سەماع لە ڕوانگەی تەسەوف واردێکی غەیبیە ئەگەر کەسێک 'بەحەق' بیبیستێت دەگاتە حەقیقەت و هەرکەس 'بە نەفس بیبیستێت' دوچاری گوناح دەبێت(روحانی نژاد:١٣٨٨: ٩١) هەر لەبەر ئەمەشە هەندێکجار سماع بە مەیدانی ناکۆکی نێوان سۆفی و ئەهلی شەریعەت هەژمار کراوە(کاشانی:١٣٨٩: ٣٣٥). بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێک مەرج و ڕێسای تایبەت بە سەماع ی سۆفی و عاریفان دانرا تاوەکو لە خەڵکی ئاسایی و حەرامکراوەکان جیابکرێنەوە.

## ١-٢ مێژووی سەماع:

بێگومان سەرەتای سەرهەڵدانی سەماع لەناو ئیسلامدا بەوشێوەیەی ئێستا نەبووە. زۆرێک لە توێژەران سەرەتای ئەم بابەتە دەگێڕنەوە بۆ ٢٤٥کۆچی کاتێک کە 'زەننونی میسری' لە زیندانی خەلیفەی عەباسی ئازاد دەبێت، سۆفییەکان لە مزگەوتی بەغداد لەدەوری کۆدەبنەوە و مۆڵەتی سەماع ی لێوەردەگرن. لەوکاتەدا شیعریان خوێندوتەوەو 'زەننون' یش خۆشحاڵی و ڕەزامەندی خۆی دەربڕیوە. دوابەدوای ئەوە لەساڵی ٢٥٣ی زایینی یەکەمین زنجیرەی سەماع لەلایەن 'عەلی تنخی' ەوە کە لە دۆستانی 'سری سەقەتی' بوو لەبەغداد بەسترا. لەوە بەدواوە کۆڕی سەماع لەناو سۆفیەکاندا باو بوو، بەجۆرێک کە بەشێوەی گرووپی تایبەت بەڕێوەیان دەبرد. بەمەش لەکۆتاییەکانی سەدەی سێیەمی کۆچی-حەوتەمی زایینی- کۆڕی سەماع بەشێوەی بەرنامەی فەرمی لەلایەن سۆفییەکانەوە بەڕێوە دەچوو. (نصرتی و عربی:١٣٩١: ٣٩)

دەکرێت بگوترێت تاوەکو سەدەی پێنجەم هێشتا سەماع بەو مانایەی ئێستا ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەبووە لەکۆڕو کۆبوونەوەی سۆفی و عاریفاندا، بەڵکوئەوکات بەزۆری مەبەستیان لەم بارەیەوە تەنها گوێگرتن لە ئاوازو شیعرو لەخۆ بەدەربوون و دەنگ بەرزکردنەوە و جۆرە جووڵەیەک زیاتر نەبووە. (ملک پائین، رحیمی:١٣٩١: ١١١) بەپێی تێپەڕبوونی کات سەماع دەبێتە حاڵەتێکی تایبەت کە سۆفی تێیدا هەندێک جووڵە ئەنجام دەدات جا چ بەئاگایانە بێت یان نائاگایانە، کە لەوانەیە لای بینەر بەجۆرە سەمایەک بێتە بەرچاو. بەڵام لەڕاستیدا سەماع ئیرادەی کۆڕێکی سۆفیانە بوو کە بەئامادەبوونی پیرەکەیان ئەنجامیاندەدا، ووتەو شیعری بەدەنگی بەرز تێدا دەخوێنرایەوە و زۆر جاریش تێکەڵ بە دەنگی 'دەف' و 'نەی' دەبوو. سۆفیەکان تێیدا بایەخیان بە یاد-زیکر-ی دڵ دەداو و دێرە شیعرێک یان ووتەیەکیان دووبارە دەکردەوە، لەم کۆبوونەوەیەدا جۆرە 'وەجد' و حالێکیان بۆ دروست دەبوو، کە تێکڕای ئەمانە پێی دەوترا 'سەماع' یان کۆڕو زنجیرەی سەماع (نوربخش: ١٣٧٢: ١٣٨).

لەوەبەدواوە برەوی سەماع زۆردەبێت و وەکو خەسڵەتێکی تایبەتی عیرفانی دەناسرێت. بەڕادەیەک کە پێشوازی خەڵکانی جیاواز بۆ بابەتی سەماع بووە هۆی ناڕەزایی عاریف و سۆفییەکان، کە دەبوایە ڕێ لەهەندێک خەڵک بگیرێت لە چوونە ناو کۆڕی 'سەماع' ەوە، بۆیە لەم ڕووەوە کۆمەڵێک ڕێساو نەریتی تایبەت دانرا کەتوانرا ڕێگری بکرێت لە تێکەڵی خەڵکی جۆراوجۆر بۆناو کۆڕی سەماع. (هجویری:١٣٨٦: ٦٠٩) ئەمەش زیاتر لەبەر ئەوانەبوو کە سەماع یان دەکرد و دەبووایە بە ئاسوودەیی و ئەوپەڕی ئیخلاس و بەبێ کاریگەری دەرەکی ئەنجامیاندابوایە.

ڕاستە لەسەرەتای دەرکەوتنی بابەتی سەماعدا هەندێک دەنگی ناڕەزایی هەبوو لەمەڕ بابەتەکە و هەندێک زانایانی شەریعەت بە حەرامیان لەقەڵەم داوە، هەندێکی دیکەیان بە ڕێگەپێدراو-مباح- هەژماریان کردووە. دوای مشتومڕی

نێوان لایەنگران و نەیارانی سەماع، دەنگی ئەوانەی پەسەندیان کرد زۆر زیاتر بوون لە دەنگە نارەزاییەکان و بەتێکڕایی بابەتەکە قبوڵی جەماوەری لەسەربوو و گەشەی کردو پەرەی سەند. بۆنموونە: غەزالی کە زانایەکی شەریعییە، بەڵام کە دێتەسەر باسی سەماع کۆمەڵێک دەستەواژەی جوان دەردەبڕێت، لەم بارەیەوە وتویەتی:(( حەرامکردنی قسیەکی بەتاڵەو کردەوەیەکە شەرمەزاری تێدانییە و وەکو ڕێگە پێدراوەکانی دیکە)) (غزالی:١٣٨٦:ج٢: ٥٨٧) دواتر غەزالی سەماع بەتایبەتمەندی ئەهلی دڵ دەزانێ و لەم بارەیەوە دەڵێ: (( کاریگەری سەماع لە دڵەکان هەستپێکراوە و هەرکەسێک کە سەماع نەیجوڵێنێت ناتەواوە.)) (غزالی:١٣٨٦،ج٢: ٥٩٦) هەروەها سۆفییەکی گەورەی وەکو 'بوسەعید' مەرجی حەڵاڵبوونی قورستر دەکات بۆئەوەی خەڵکی ئاسایی خۆی لە قەرەی نەدەن، بۆیە پێی وایە 'سەماع' حەڵاڵ نییە مەگەر بۆ کەسێک کە نەفسی مردبێت و دڵی زیندووبێت. (اسرار التوحید،ج١٣٧١:١: ٣٠٥) چونکە کوشتنی نەفس دووبارە ڕوح بەبەر دڵدا دەکات و زیندووی دەکاتەوە، دڵی زیندوووش تەجەللی خودا لە هەموو شتێکدا دەبینێت و دەبیستێت، کە ئەمەش تێشوی ڕێگای حەقە.

لەهەنگاوی دواتردا بابەتی سەماع مەرجەکانی زیاتر قورس بوون، بەجۆرێک هەموو ڕێبوارێک نەیدەتوانی بەشداری لە کۆڕی سماعدا بکات، بەڵکو ((تەنها عاریفان و ئەهلی پێگەیشتوو شایستەی سەماع بوون.)) (باخرزی:١٣٥٨،ج٢: ٢٢٨) چونکە بابەتەکە لای زۆرێک لەگەورە سۆفی و عاریفان وەکو بەشێک لەپەرستن-عیبادەت- تەماشا دەکرا، لەریزی پێشەوەیان 'شەمسی تەبریزی' عاریفی گەورەی ئێران و مامۆستای مەولانای ڕۆمی، کە سەماعی ئەهلی حاڵ بە فەرز دەزانێت وەکو نوێژو ڕۆژوو، هەروەها وەکو نان و ئاو خواردن لەکاتی خۆیدا پێویستە (شمس:١٣٦٩،ج١: ٧٣) دواتر ئەم ڕوانگەیە دەگوازرێتەوە بۆ مەولاناو لەویشەوە بۆ پەیرەوکارانی

هەندێک لە گەورە سۆفییەکانیش ڕوانگەیان لە هی شەمسی تەبریزیەوە نزیک بوو، هەروەها بەهۆی سەماعەوە ڕەوتی خانەقاو تەکیەکانیان گۆڕیوە لەوانەش: 'بو سەعید ئەبولخیر' سۆفی بێ پەرواو دەنگ بەرزی خوراسان، کە بەهۆی ئەم پیاوەوە شیعرو و سەماعی عاشقانە تێکەڵی کۆڕی سۆفیانی خوراسان بوو. سەرەتا لەسەردەمی ئەودا ئەم تایبەتمەندییە بەخاڵی لاوازی و کەموکوڕی هەژماردەکراو نەیارانی هەوڵیاندەدا لەو سۆنگەیەوە زەینی خەڵک لەهەمبەریدا تاریک بکەن، بەڵام دواتر سەماع بوو بەیەک لە تایبەتمەندییەکانی سۆفیگەری 'بوسعید' ، چونکە خولیایەکی زۆری بۆ بابەتی مۆسیقاو سەماع هەبوو. ئێمەش لەئێستادا بە دەسکەوتی ژیان و حاڵی ئەوی دەزانین. (شفعیی کدکنی:١٣٧٥: ٢٢)

## ١-٣ جۆرەکانی سەماع:

لەم ڕووەوە 'غەزالی' لەکتێبی 'کیمیای بەختەوەری' دا 'سەماع' دابەشی سەر سێ بەش دەکات: گروپی یەکەم ئەو گەمەیەیە کە ئەگەر زیانبەخش نەبێت ڕێگە پیدراوە، گروپی دووەم ئەوەیەکە ئەگەر لەدڵدا سیفەتی ناپەسەند هەبێت و بەهۆیەوە بەهێزبێت حەرامە، بەڵام سێیەمیان ئەگەر لەدڵدا سیفەتی پەسەند هەبێت و سەماعیش هێزی پێ ببەخشێت وەکو سرودو شیعری حاجیەکان لەتەوافی کەعبە کە گڕی شەوقی خودا لەدڵیاندا هەڵدەگیرسێنێت و ڕوحیان پاکدەکاو دڵیان پڕ لەخۆشی دەکات لەگەیشتن بە حەق، بەسودە و ئەم جۆرەیان پەسەندە. ( غزالی١٣٧٥،ج١: ٤٧٥-٤٧٨) لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتە ئاراوە کە دواتر دەکرێت وەکو خاڵێکی ئەرێنی ئاوێزانی ڕوانگەی غەزالی بکرێت، ئەویش ئەوەیە: ئەی ئەگەر هاتوو لە دڵدا سیفەتی ناپەسەند هەبێت و بەهۆی سەمای مەستانەوە سەرچاوەکەی بگۆڕێت بەرەو سیفەتی جوانی و پاکی؟ بێگومان لێرەدا وەڵامەکەی ئەرێنی دەبێت، چونکە سەماع ئامانجی خۆی پێکاوە کە ئاوەژوو کردنەوەی دەروونی مرۆڤە بەرەو جوانی وچاکە.

هەروەها 'ئیبن عەرەبی' یش سەماع دابەشی سەر سێ بەش دەکات:

١-سەماعی سرووشتی-طبیعی-: کەتێیدا نەفس، بەهۆی هێزی جەستەییەوە، دەنگی هەستی دەبیستێت شەوق و شادی دەسدەکەوێ.

٢- سەماعی ڕوحانی: کە تێیدا ڕوح لە بیستن هاوسازی-هاوئاهەنگی- لەبەرهەمی دروستکراوی ئیلاهی شادمان و خۆشحاڵ دەبێت.

٣- سەماعی یەزدانی: کە تێیدا نهێنی دەروونی مرۆڤ ووشەی ئیلاهی بەبێ ئامرازێک یان هۆکارێک، لە هەر گەردیلەیەک لە گەردیلەکانی بوون دەبیستێت و هەموو چرکەیەک سەرسامی زیاتر دەبێت. (حلبی:١٣٨٣: ٢٠٨)

بۆیە بەگشتی دەکرێت بگوترێت سەماع دووجۆرە: ( بەویست و بێ ویست). ڕێبوارانی حەقیقەت بۆ ئەوەیکە لەخۆیاندا زەمینەسازی بکەن بۆ حاڵی سەماعی بێ ویست، کۆڕێکیان بەرپا دەکرد بەسازو ئاوازو بەتاڵکردنی بیر لەهەرچییەک هەیە جگە لە مەعبود، دڵەکانیان ئامادەی وەجد دەکرد، ئەوکات بێ ویستی خۆیان دەکەوتنە جووڵەو هەندێکجار لە حالی سەماع بەشێوەیەک ئاگایان لەخۆیان نەدەما کە جلەکانی بەریان دەدڕاند، باشتر وابوو ڕێبوار بە ویست نەجوڵێت چونکە جوڵەی بە ویست پێچەوانەی نەریتی سەماع هەژمار دەکرێت. (یوسف پور:١٣٨٠: ٢٧٣) چونکە ئەوەی سەماع دەکات پێویستە نەفسی مردبێ و دڵی زیندوو، بۆیە لەم دۆخەدا جوڵەی بە ویست ئەستەمە.

### ١-٤ سەماع و وەجد:

'سەماع' لەرزینی ڕوح و جوڵەی جەستەیە، کە لەدەروونی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆیە لەنێوان سەماع و 'وەجد' دا پەیوەندییەکی زۆر نزیک هەیە، بەجۆرێک دەکرێت وەجد بە حاڵەتێکی سەماع دابنرێت؛ چونکە هەر مانا زاراوەییەکەشی بەشێکە لە سەماع، وەکولە پێناسەی 'وەجد'دا هاتووە: (دۆزینەوەی ونبوو، هەر خەمێک سوتان و ئازاری لەگەڵدابێت، زۆرجار بەهۆی ئازارو هەندێکجار بەهۆی دەردی دووری و هەندێکجاریش سوتانی شەوقی خۆشەویستی و زۆرجار لە ترس یان فیراق..) (خیرابادی:١٣٨٥: ٥٩) ئەم نزیکییەش وایکردووە ئەم دوو زاراوەیە زۆرجار بەیەکەوە دەرکەون وتەواوکەری یەکتری بن.

جێی باسە کە ئەم دوو زاراوە عیرفانییە وەکو دوانەیەکی لێکدانەبڕاویان لێهاتووە، واتا زۆرینەی کات یان سەماع هۆکاری دەرکەوتنی وەجدە یان وەجد هۆکاری دەسپێکی سماعە. بەڵام زۆرجار باس لەوە دەکرێت؛ ئەوکەسەی کە بەهۆی سەماعەوە بگاتە وەجد ئەوە هێشتا سەرەتاییە و لە دەسپێکی ڕێگای سلوکدایە و 'وەجد' بۆ ئەوکەسە بە کەماڵ هەژمار دەکرێت. (کاشانی:١٣٨٩: ٣٤٦)

**ئیمامی غەزالی** ئەوکاتەی کە **پلەکانی سەماع** دیاردەکات، وەجد بە پلەیەکی سەماع دادەنێت و دەڵێ: لە سەماعدا سێ مەقام هەیە: یەکەم تێگەیشتن، دووەم وەجد، سێیەم جووڵە. بەڕای غەزالی یەکەم پێگەی سەماع تێگەیشتنی گوێ لێبووە دەرەنجامی ئەم تێگەیشتنەش بەرەو وەجدەو، وەجدیش هەستەکان دەهێنێتە جووڵە. (غزالی:١٣٧٤،ج٢: ٤٨١)

### ١-٥ کۆڕ و مەراسیمی سەماع:

ئاشکرایە ڕێبوارانی ڕێی حەقیقەت لە دووتوێی دوو شێوازدا دەردەکەون: یان ئەهلی زیکرو فیکرو وەرزش و عیبادەتن، یانیش ئەهلی وەجد و حال و ئاوازو سەماعن. گروپی دووەم ئاوازی خۆش بەئاوازی خودایی دادەنێن و لەهەرکات و شوێنێکدا بیبیستن حاڵ و وەجدو شەوقیان لادروستدەکات. ئەم دەنگە خۆشە دەکرێ دەنگی بانگی بانگخوازێک بێت، یان دەنگی خوێنەری قورئان بێت، یانیش دەنگی چەنگ و جووڵەی با. (سجادی:١٣٨٤: ٢٥٧) هەر ئەو حاڵ و وەجدەش وایکردووە کە جوڵە ببێتە بەشێکی دانەبڕاوی سەماع.

وەکو پێشتریش ئاماژەی پێکرا سەماع بەپێی تێپەڕبوونی کات تەشەنەی سەند و تەنانەت لای هەندێک لە گەورە عاریفان گەیشتە پلەی جۆرەکانی پەرەستن و هەندێک لە گەورە سۆفییەکانیش بە زیکریان لەقەڵەمدەدا و پێیان وابوو (( سەرەرای ئەوەی ئامانجی زیکر لای هەموو تەریقەتەکان وەکو یەکە، ئەمەش ڕێیان لێ ناگرێ کە هەر تەریقەو بەشێوەیەکی تایبەت بەخۆی ڕێبازەکانی زیکرو پراکتیککردنی دەستیشان بکات)) (مەلا: ٢٠١٣: ٩٩-١٠٠) بەمەش سەماع بوو بە خەسڵەتی هەندێک تەریقەتی وەکو مەولانا و لە تەریقەتەکانی دیکەشدا بەرچاو دەکەوێت. لەڕوانگەی سەماعکارانەوە ئەم سەما مەستانەیە هێمای دروستبوونی بوونەوەر، ژیان لەپانتایی بوون و جووڵە و جۆش و خرۆش بۆ درک و تێگەیشتنی بەندایەتی، بەدەربوونە لە درکی فەلسەفەی ژیان و گەیشتنە بە ئارامی دەروون و چێژی ڕوح.

کۆڕی سەماع لەچوار ڕەگەزی سەرەکی پێکدێت: (**شیعر، ئاواز، مۆسیقا و جووڵەی جەستە**)(سجادی:١٣٧٠: ٤٧٧). سورەوەردی لەبارەی ڕەگەزەکانی سەماعەوە بەم شێوەیە ئاماژەی پێ کردووە: (( گوێی لە ڕیتمی کێشدار دەبێت، بە گوێگرتنیک دەبێتە هۆی گوێگرتنی تەبعێکی کێشدار، بەم تەبعە کێشدارە بۆ ئەم دەنگە کێشدارو ڕیتمە کێشدارە دەجوڵێتەوە...ئەو ووزەیەی لە تەبعییەوە دێت وای لێدەکات سەمایەکی کێشدار بکات...)) (سورەوەردی:٢٠٢١: ٢٢٢-

٢٢٣) بێگومان ئەم ڕەگەزانە بەشێوەی هەڕەمەکی بەکارناهێنرێت و کۆمەڵێک مەرج و ڕێنماییان بۆدانراوە، کە لەهەندێک سەرچاوەدا لەژێر ناوی ڕێگری و قەدەغەکانی مەراسیمی سەماعدا هاتوون، لەوانەش کەتایبەتن بە: (سەماکەر–سەماعکەر–، بیسەر و مەراسیمی سەماع). کەسی سەماکەر نابێت ئافرەتێک بێت کە سەیرکردنی بچێتە قاڵبی نەزەرەوە. **دووەم ڕێگریش** پەیوەندی بە ڕێوڕەسمی سەماعەوەیە کە نابێت هاوشێوەی ئەو سەمایە بێت کە لە مەیخانەکاندا یاخود مەیخۆران ئەنجامیان دەدا وئامێرەکانی وەکومزامیر–زوڕنا– و اوتار–کەمان و عود– و تەپڵ و دەهۆڵ کە ئەم سێیە قەدەغەیەو ئامێرەکانی وەکو دەف و نەی وجلاجل و شاهین –ساز– ڕێگە پێدراوە. **ڕێگری سێیەم** پەیوەندی بە دەنگ و شیعرەوە هەیە، ئەگەر شیعرەکە درۆ و جنێو یان داشۆرین و بەدرۆخستنی خوداو پەیامبەرو هاوەڵانی تێدابوو حەرامە جا مۆسیقای لەگەڵدابێت یان بەبێ مۆسیقابێت، بەمەش بیسەرو بێژەر پێکەوە لەو گوناحەدا هاوبەشن. **ڕێگری چوارەم** لەگوێگرە کەنابێت هەرزەکاربێت و شەهوەت بەسەریدا زاڵ بێت، یاخود کەسێک بێت کە بەزۆری هەم و خەمی لابردنی شەهوەت بێت، بۆیە پێویستە کەسی بیسەر خۆشەویستی خودای لەدڵدا بێت و کۆڕی سەماع حاڵی باشتر بکات) ( حلبی:١٣٩٤ :١٨٣–١٨٤) هەروەها 'حەلەبی' زۆر بە ووردی باس لە پێویستی و کاریگەری شیعر دەکات لەسەر دەروونی ئامادەبووانی کۆڕی سەماع و ئاماژە بەوەش دەکات کە بۆچی دەسپێکی سەماع قورئانە و دواتر شیعرە، چونکە لەلایەک شیعر بەهۆی کێش و سەرواکەیەوە کاریگەری زیاترە لەسەر دەروونی ئامادەبوان و بەهاوکاری مۆسیقا...لەلایەکی دیکەوە شیعرەکان بۆ گونجانیان لەگەڵ مۆسیقادا دەسکاری دەکرێن کە ئەمە بۆ ئایەتەکانی قورئان ڕێگە پێدراو نییە. ( حلبی:١٣٩٤ :١٨٨–١٨٩)

'جونێدی بەغدادی' لەبارەی پێویستیەکانی کۆڕی سەماعەوە گوتویەتی لە سەماعدا سێ شت گرنگە: (**کات و شوێن و برایان**). کاتێک هەلومەرجی سەماع ڕەخسا پێویستە سەماع کاران بەئەدەبەوە دانیشن وسەربخەنە پێش خۆیان و تەماشای یەکتری نەکەن و دەست و سەر نەجوڵێنن و هیچ جوڵەیەکی بەویست ئەنجام نەدەن، وەکو ئەوەیکە لە نوێژدا بن و هەموو دڵیان لەحەقدایە و چاوەڕێی هاتنی 'فتوحات غیبیە' بن. (روحانی نژاد:١٣٨٨: ٩٠) کاتەکەش نابێ کاتی خواردن و نوێژ بێت، سەبارەت بە شوێنیش نابێ سەرەڕێ بێ و یاخود تاریکبێ. لێرەدا هەوڵدەدرێت بەکورتی ئاماژە بە پێکهاتەکانی کۆڕی سەماع بکرێت:

### ١–٥–١ شوێنی سەماع:

لە کۆندا بەگشتی سەماع لەو تەکیە و خانەقایانەدا ئەنجام دەدرا کە پیرو مورشیدەکەی ڕێگەی بە مەراسیمی سەماع دابێت، هەندێک لە ڕێبوارانیش شوێن و کاتیان نەدەزانی و لەهەرجێیەک ئاوازێکی بەجۆش کاریگەری لێ کردبونایە دەکەوتنە دۆخی سەماعەوە، چونکە یەک لە خەسڵەتەکانی سۆفیگەری ئەوەیە (( کات و شوێن سنووورداری ناکات...)) (شوان:٢٠١٤: ٤٦). بەمەش دەکرێت بگوترێت سەماع ئەو بازنەیە بوو کە دەروێش تێیدا دەسوڕایەوە، ئەمەش هێمای کەماڵ و یەک پارچەیی بێ سەرەتاو ئەنجام بوو، بۆیە هێمای ئەبەدیەت بوو. بەڵام لەسەردەمی ئێستادا سەماع بەشێوەیەکی نمایشی هونەری لە شارەکانی قونیە، قاهیرە و حەلەب بەشێوەیەکی شکۆدار بەڕێوە دەچێت. وەکو پێشتریش ئاماژەی پێکرا ئەم بۆنەیە بە خوێندنەوەی چەند ئایەتێکی قورئان و پیاهەڵدانی پێغەمبەرمان محمد 'درودی خوای لەسەربێ' دەس پێدەکات و بە دوعاکردن کۆتایی دێت. کۆڕەکە پێکدێت لە: مۆسیقاو سەمای خولاوە کە دواتر باسیان لێوە دەکرێت.

### ١–٥–٢ مۆسیقا و سەماع:

مۆسیقا و سەماع دوو زاراوەی دیاری بواری سۆفیگەری و عیرفانن. لە دوای هاتنی ئایینی ئیسلام گروپی سۆفی تەنها گروپێک بوون کە نەک هەر مۆسیقاو سەمای مەستانەیان بە حەرام نەدەزانی بەڵکو هاورای 'فیثاغۆرس' و 'ئەفلاتون' پێگەیشتوانی دیکە بە پێویستییان دەزانی بۆ چاکسازی ئاکاری و ڕەها بوون لە کۆت و بەندی ماددی، بۆ ئەم مەبەستەش بە سوپاسگوزاری بۆ ئەو ئازادی و گەیشتنە بە عەشقی خودا سەماعیان دەکرد، سەماعێک کە دەبووە هۆی واردی یەزدانی و ئەندێشەی غەیبی، گیانیان لە کەموکوڕییەکان ڕەها دەکرد و دەیانگەیاندنە پلەی کەماڵ) ( حلبی:١٣٩٤: ١٨١) واتا سەماع ڕێگەی داماڵینی ڕوحە لەهەرچی پەیوەستییە زەمینییەکانە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی ڕەها.

جێی ئاماژەیە کە (( هیچێک لە سەماع و مۆسیقاو لە زاتی خۆیاندا خراپ نین، بەڵام کاتێک لە کات و شوێنی خراپدا بەکار دەهێنرێن خراپ و زیانبەخش دەبن. لێرەدایە هەندێک لە سۆفییەکان دەیان گووت: سەماع داب و رێو رەسمی خۆی هەیە هەرکەس نەیانزانێت و بەکاریان نەهێنێت لە بازنەی سۆفیگەری بە دوورەو بە درۆوە خۆی پێوە هەڵواسیون)) (حلبی:١٣٩٤ : ١٩١) بۆیە مەرجی بەکارهێنانی مۆسیقاو سەماکردن بەندە بەو رێنماییانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد. ((سۆفیەکان ئاوازی خۆش و دەنگی مۆسیقا بە پەیکی جیهانی غەیب دادەنێن و، بەو دەنگە بەهەشتیەی دەزانن کە بەر لەهاتن بۆ ئەم زێدە وێرانەیە خومان پێوە گرتبوو، بەبیرمان دەهێنێتەوە.)) (رجایی:١٣٤٠: ٢٦٨) هەر بۆیەش سۆفی و عاریف بە هەموو دەنگێکی خۆش دێنە جۆش و خرۆش و دەکەونە سەمای مەستانەوە. چونکە وەکو شەمسی تەبریزی ئاماژەی پێکردووە: (( مۆسیقا کەرەستەیەکە وەکو زمانی دایک لەگەڵ مرۆڤدا پەیوەندی دروست دەکات و کاریگەرییەکی سەرسورهێنەر بە دەروونی مرۆڤ دەبەخشێت)) (خودادادی:٢٠١٦: ٢٦٤) ئەو زمانە یەکگرتووەش سەماعە کە رێبوارانی ئەم بوارە تێی دەگەن وێرای جیاوازی زمانی دایکیان.

راستە لە ئێستادا کاتێک سەردانی سەماعخانەکانی وەکو شاری 'قونییە' دەکەیت چاوت بە جێگایەکی تایبەت دەکەوێت کە وەکو پێشانگایەکی مۆسیقا وایە ، کە پێکدێن لە: (**نەی ،دەف، رەوباب، دەف،قانوون، تەمبوور، ساز، تار.**) بەڵام ئەوەیکە جێی باسە ئەوانە هەموویان بەکارناهێنرێن و رێگە پێدراو نین، بەڵکو تەنها نمایشی ئامێرەکانن. لێرەدا هەوڵدەدرێت ئاماژە گرنگترینیان بکرێت:

### ١-٥-٢-١ نەی:

عاریفان پێیان وایە ئامێرەکان زیکری خودا دەکەن وەکو تەسبیحاتی ووردە بەردەکان، هەرکەس عاشق بێت دەتوانێت گوێبیستی تەسبیح و قنووتی هەموو گەردیلەکانی بوون بێت(پور جوادی:١٣٩٣: ٨٤٣). لەم رووەوە نەی لەبەرامبەر ئامێرە مۆسیقییەکانی وەکو بربط و رەوباب، دانراوە کە بەبێ زمان لەقەڵەم دراون. بۆیە مەبەست لە نەی رووحی پیرۆز ، نەفسی قسەکەر، یاخود قەڵەم 'بەرامبەر بە لەوحە' یە یانیش حەقیقەتی موحەمەدییە....هەروەها مەبەست لە کونەکانی نەی حەوت کۆتی جەستەی مەعنەوی و نموونەی ئەهلی مەعریفەتە کە حەوت پلەی'طور' ی بریوەو گەیشتوەتە مەنزڵگەی ناسینی حەقیقەت....هەنێکجاریش هێمایە بۆ دڵی مرۆڤی کامڵ (پور جوادی:١٣٩٣: ٨٣٢). بۆیە رۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لە کۆری سەماعدا، دەکرێت بوترێت کۆری سەماع بەبێ بەشداریکردنی ئەم ئامێرە مۆسیقییە بەرێوە ناچێت.

نەی هێمای هارمۆنیەتی سروشتە هێماو ئاماژەیە بە روح کە لەزێدی راستی خۆی دوور خراوەتەوە و بەدەنگ و ئاوازی خەمبارییەوە نارەزایی خۆی لای خوا دەردەبرێت و دەیەوێت بگەرێتەوە بۆ ئەو نەیستانەی کە لێیەوە هاتووە. لەهەندێک سەرچاوەدا باس لە نۆ کونی نەی کراوە نەوەک حەوت کە لەرووی هێماشەوە جیاوازن، بەمەش( 'نەی' بەهۆی کونەکانیەوە ئاماژەیە بە ماهیەتی مرۆڤ و ئەو نۆکونەی تێیدایە ئاماژەیە بە کونەکانی جەستەی مرۆڤ، بۆیە لای عاریفان 'نەی' هێمای جیهانی بچووکە). (حیدرخانی:١٣٧٦: ١٠٢) جیهانی بچوکیش لای عاریفان خودی مرۆڤە. دەکرێت بگوترێت مەولانای رۆمی دیارترین ناوی جیهانی عیرفانی ئیسلامییە لە ناساندنی هێمای نەی' بەگشتی و لەبواری سەماعیشدا بەتایبەت، ئەویش دوای نووسینی قەسیدەی 'نەی' کاتێک دەڵێ گوێبگرە لەنەی چۆن حیکایەتی دابرانی خۆی دەگێرێتەوە لە نەیستان؟ کە ئەمەش ئاماژەیە بە دوورکەوتنەوەی مرۆڤ لە زێدی یەکەمی خۆی، بۆیە بەردەوام روحی مرۆڤ هەست بە غەریبی و دابران دەکات و خوازیاری گەرانەوەیە. هەروەها لای مەولانا سەماعیش رێگەیەکە بۆ گەیشتن بە مەنزڵگای ئەزەلی و نوێکردنەوەی پەیمانی ئەلەست، بۆیە 'نەی' بایەخێکی زۆری هەیە لە بواری سەماعدا و بەتەواکەری یەکتری دادەنرێن لەرووی هێماو ماناوە.

### ١-٥-٢-٢ دەف:

(( دەف یەکێکە لە ئامێرە ژەنینەکان کە لە سەماعی سۆفییەکاندا بەکار دەهێنرێت)) ( سجادی:١٣٧٠: ٣٨٧) هەروەها(( خودی واژەی دەف پیرۆزی زیکری خودای لە هەناویدا هەڵگرتووە. لەئەدەبیاتی عیرفانیدا دەف درکەیە بۆ ئەوەی کە عاشق داوای مەعشوق دەکات)) ( کەسنەزانی و بەرزنجی:٢٠٢٣: ٥٠٦)

سەرەتای بایەخی دەف بۆئەوە دەگەرێتەوە کە سۆفییەکان پێیان وابوو دەف یەکەم ئامێری مۆسیقی بوو کە سوودی لێ وەرگیرا بۆ پێشوازیکردن لە پێغەمبەر"درودی خوای لەسەربێ' لە شاری مەدینە. لەوە بەدواوە لەکۆری زیکردا

بەکارهێنراوە، وەکو لە فەرهەنگی پیرانیشدا هاتووە: (( دەف و تەپڵ دوو ئامێری دەروێشانەن کە لەدێر زەمانەوە دەروێشان لە تەقس و ڕێو ڕەسمی زیکردا وەک بەشێکی دانەبڕاوی شێوازی خودا پەرستی لێیان ڕوانیو... ئەم دوو ئامێرە لە کۆڕی زیکردا بە دەستنوێژەوە دەژەنرێن. ئەوانیش وەکو دوو مورید لێیان دەڕوانرێت، کە لە هەناوی بۆشی پڕ حەسرەتیانەوە لەبەر خۆفی خودا دەناڵن وەک چۆن لە تەریقەتی مەولەویدا ئەم ڕۆڵە نەی دەیگێڕێت و لای یارسانەکان تەمبوور))(کەسنەزانی و بەرزنجی:٢٠٢٣: ٥٠٥) واتا بەر لەوەیکە دەف لەکۆڕی سەماعدا پیرۆز بکرێت پێشتر پێگەو پیرۆزی خۆی لە بواری سۆفیگەریدا هەبووە و دەکرێ لەبەر ئەمەش بووبێت بووە بە پێکهاتەیەکی گرنگی کۆڕی سەماع.

لە ڕووی هێماشەوە دەف لای عاریفان هێمای جیهانی گەورەیەو فەرمانی 'ببە' یە. واتا لە کۆڕی سەماعدا 'دەف و نەی' تەواوکەری یەکترن، چونکە دەف لەمەراسیمی سەماعدا هێمای فرمانی 'ببە' یە کە خودا لەکاتی خولقاندنی جیهان دەریکرد و بەدوای ئەویشەوە نەوای 'نەی' هێمای دەمی پیرۆزە کە بەهۆیەوە خودا ڕوحی بەخشیە جەستە بێ گیانەکان. (إنما أمر ە إذا أراد شیئا أن یقول لە کن فیکون). بۆیە دەبینرێت لەمەراسیمی سەماعدا دوای نەوای نەی شێخ و دەروێشان وەکو ئەو جەستانەی کە بەهۆی ئەو دەمە پیرۆزەوە گیانیان هاتووەتەوەبەر، بەدەستیان لەمسی زەوی دەکەن . ئەم کارەیان هێمای ئیرادەی ئەوانە بۆ گۆڕینایان بۆ مرۆڤی کامل و تەواوکەری فەرمانی 'ببە' یە وەکو مرۆڤ گەلێک کە هەنگاویان بەرەو ڕێگای دۆزینەوەی حەقیقەت ناوە. (حیدرخانی:١٣٧٦: ١٠٢)

### ١-٥-٢-٣ ڕوباب:

ڕوبابیش یەکێکە لەو ئامێرە مۆسیقییانەی کە لە دوای نەی و دەفەوە دێت لە کۆڕی سەماعدا. داری ڕوباب هێمای سالیکێکی عاشقە کە قسە دەکات و باسی دابڕانی دەکات لەسەرچاوەی حەقی تعالا(پور جوادی:١٣٩٣: ٨٣٨) سوڵتان وەلەدی کوڕی مەولانا دیدێکی ئەفلاتونیانەی بۆ بابەتی مۆسیقا هەیە و دەڵێ: مۆسیقا لە کۆندا لە زانستی خودادا هەبووە. لەکاتی خەڵقکردندا لە زانستەوە بووە بە وێنەو بووە بەو ئامێرانەی کە ئێمە ئێستا دەیانبینین. بۆیە ناڵینی ڕوباب هۆکاری دووری و فیراقە لە نیشتیمانی خۆی، واتا زانستی خودای گەورە. پێی وایە زمان حاڵی ڕوباب لە هی نەی کاملترە. لێرەدا پاڵپشتی بۆچونەکەی باوکی دەکات کە دەڵێ لە نەی دا تەنها یەک ناڵە هەیە، بەڵام لە ڕوبابدا چەندین ناڵە هەیە وەکو پێست و موو، ئاسن و دار...کە هەریەکیان لە نیشتیمان و ڕەگەزی خۆیان جیا کراونەتەوە و بۆ مەبەستی دیکە بەکاردێن (پور جوادی:١٣٩٣: ٨٣٩) .

### ١-٥-٣ سەمای مەستانە:

((سەما جوولەی تایبەتە کە دەروێش و سۆفییەکان لە هەلومەرجی تایبەتدا پێشکەشی دەکەن. لای عاریفان درکەیە بۆ سیری سالیک بەرەو کەماڵ)) (سجادی:١٣٧٠: ٤٢٣) سورەوەردی لەم بارەیەوە گووتویەتی: (( لەکاتی سەمادا ڕوح مەیلی سەرەوە دەکات، وەکو باڵندەیەک کە بیەوێت لە قەفەس دەرباز بێت. قەفەس جەستەی ڕێگرە و باڵندەی ڕوح پاڵی دەدات و قەفەسی جەستە لە جێی خۆیدا دەجوولێنێت. ئەگەر باڵندەکە بەهێز بێت و بەهێزەوە پاڵی بدات ئەوا قەفەسەکە دەشکێت و ئازاد دەبێت، ئەگەریش بەهێز نەبوو ئەوا سەرگەردان دەبێت و قەفەسەکە لەگەڵ خۆیدا دەگێڕێت. دیسانەوە هەمان شت ڕوودەدات و باڵندەی ڕوح مەیلی سەرەوە دەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی ناتوانێت لە قەفەسەکە دەرباز بێت ئەمجارەیان هەوڵدەدات قەفەسەکە لەگەڵ خۆیدا بەرز بکاتەوە، بۆیە بستێک بەرزی دەکاتەوەو دیسانەوە بەردەبێتەوە سەرزەوی)) (سجادی:١٣٧٠: ٤٢٣) بۆیە هەرچەندە خۆی لە پەیوەستییە زەمینییەکان زیاتر ڕامالیت ڕوح سوکتر دەبێت و هێزی کێشکردنی زەویش بۆ قەفەسەکە کەمتر دەبێت.

سەماکردن یەکێکە لەپلە گرنگەکانی کۆڕی سەماع کە: (( یەکەم تێگەیشتن'فهم' دووەم خۆشحاڵی و شادی لەڕادەبەدەر 'وەجد' ئینجا جوولە)) (غزالی:١٣٥٥: ٣٧٠) جێی باسە کە ناکرێت بەردەوام سەماع بکرێت، واتا ( تا کاتی نەهات ئەنجامی نەدەیت و نەیکەیت بە عادەت و، درەنگاو درەنگ بیکەیت، کاتێک ئەنجامی دەدەیت با پیرێک لەوێ بێت و خەڵکی غەیرە لەوێ نەبێت و، دڵەکان لەزۆر شت خالی بێت تاهێزی دەروونی باش ببەخشێت و هێزی ئەم کۆرە دەربکەوێت لە ناخ و دەروونداا) (خودادادی:٢٠١٦:٢٦١) بەڵام لای عاریفانی هاوشێوەی شەمسی تەبریزی سەماع پێویستە بەردەوام بکرێت وەکو فەرزەکان.

لەم بارەیەوە شەمسی تەبریزی لە دابەشکردنێدا سێ جۆرە هەڵپەڕین و سەما دەستنیشان دەکات: یەکەم هەڵپەڕکێی و سەمای حەرام، دووەم ڕێگە پێدراو، سێیەم واجب. لەڕوانگای شەمسەوە سەماعی خەڵکی ڕواڵەت بین لە حەرامیش حەرامترە ،بۆ پێگەیشتوانیش وەکو نوێژ و ڕۆژوو  واجبە، سەبارەت بە ڕێگە پێدراوانیش خەڵکانی پاک و چاکەخواز و تایبەتن (خودادادی:٢٠١٦: ٢٦٢) . بۆیە دەکرێت بوترێت ئەو سەماعە هونەرییەی ئێستاکە باوە و لەکۆڕی سەماعداجۆرەها خەڵکی تێدا ئامادە دەبن بۆ مەبەستی چێژوەرگرتن دەچێتە خانەی جۆری ڕێگە پێنەدراوەوە کە شەمس دیاریکردوە.

بێگومان 'سەما' لە کۆڕی سەماعدا هێمادارە. دەروێش بەرلە سەماع نەفسی بەر لە جەستەی مراندوە و لەهەرچی پەیوەستە دونیاییەکانە خۆی داماڵیوە و ڕوحی باڵندە ئاسا بەیلی سەرەوە دەکات، بۆیە کاتێک کە ڕێبوار دەستەکانی دەکاتەوە و دەست بە سووڕانەوە دەکات بەو سوڕانەوەیە هەرچیەک پەیوەندی بە نەفسەوە هەیە لێی بەردەبێتەوە،لەکاتی سوڕانەوەشدا دەستی ڕاست بۆ سەرەوە وەکو ئاماژەی داواکردن دەستی چەپ بۆ خوارەوە وەکو ئاماژەی بەخشینیە، واتا ئەوان پەیوەندی نێوان خوداو خەڵکین ئاسمان و زەوین. ئەوان نورو ووزە لە خودا وەردەگرن و دەبەخشنەوە بە مرۆڤ بەبێ ئەوەی هیچ بۆخۆیان بگێرنەوە. بەمەش  سوڕانەوە هێمای شاهێدی حەقە لە هەموو جێیەک، بازدان یان هەڵپەڕین ئاماژەیە بە جۆش و خرۆش بۆ جیهانی سەرەوە، پێ لە زەوی کوتان ئاماژەیە بە پاماڵکردنی نەفسی ئەممارە و دەست کردنەوە ئاماژە بە دەسکەوتنی ویساڵی مەحبوب دەبینن (زرین کوب:١٣٨٦: ٣٣). بۆیە ڕێبوار پێی چەپی لەسەر زەوی دەچەسپێنێت و پێی ڕاستەشی بەدەوریدا دەسوڕێنێتەوە. ئەو لەهەر سوڕانەوەیەکیداو بە بێدەنگی یادی خوا دەکات، هەروەها پێویستە بەبێ ئەوەی بەرکەوتەی لەگەڵ دەروێشەکانی دیکەدا هەبێت هاوشێوەی خولگەی هەسارەکان بەدەوری خۆردا دەسوڕێنەوە.

### ١-٥-٤ سڵاو کردن:

وەکو ئاماژەی پێکرا سڵاوکردن یەکێکە لە ڕەگەزەکانی کۆڕی سەماع، بۆیە لە کۆڕی سەماعدا چوار سڵاو بەدیدەکرێت؛ کە ئاماژەیە بە چوار قۆناغی: (شەریعەت، تەریقەت، حەقیقەت، مەعریفەت ) کە پێویستە ڕێبوار پێیاندا تێپەڕبێت. لەدوای هەر سڵاوێک دەروێشەکان دابەشی سەر گروپی دووکەسی و سێ کەسی و چوارکەسی دەبن و بەپشبەستن بەیەکتری بەسەر خاڵی ناوەڕست کە هێمای مەولانایە دابەش دەبن. ئەم دابەشبوونە هێمای یەکگرتوویی و یەکپارچەییە. (امین:١٣٩٠: ٧)  بە درێژایی سێ سڵاوی یەکەم، دەروێش هەم بەدەوری خۆی و هەم بەدەوری ئەو شوێنەی کە سەمای لێدەکەن دەسوڕێنەوە، لە سڵاوی چوارەمیشدا لەوشوێنەی کە هەن دەمێننەوەو تەنها بەدەوری شێخدا دەسوڕێنەوە.

## دووەم: ڕەنگدانەوەی سەماع لای مەولانای ڕۆمی:

لەزۆربەیسەرچاوەکاندا سەماعی مەولانا بە شەمسی تەبریزییەوە دەبەستنەوە، هۆکاری سەرەکی بەستنەوەی سەماعی مەولانا بە 'شەمس'ەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە وێڕای ئەوەیکە مەولانا پێشتر هەرگیز سەمای مەستانەی ئەنجام نەداوە، بەڵکو لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە پێشتر  مەولانا لە 'مەثنەویدا' بە پێچەوانەی دیوانی گەورە هیچ پێناسەیەکی ڕاستەوخۆی بۆ سەماع نەکردووە، بەڵکو سماع لە ڕوانگەی ئەوەوە چەمکێکی سیمبولیک و ڕوحانییە. لای ئەو جەوهەری سەماع گیانی گیانانە کە لە ڕاستیدا ئاماژەیە بە خودا، بەڕای ئەو ئەزموونی سەماع ئەزموونێکی  دەروونییە تاوەکو چێژێکی ڕواڵەتی، لێرەدا بیرۆکەی سەماع زیاتر پەیوەستە بە مۆسیقاوە تاوەکو سەما (زرین کوب:١٣٦٤،ج٢: ٦٩٧). لەسەرجەم دیوانی مەثنەویدا ٢٠جار دەستەواژەی سەماعی بەکارهێناوە (نصرتی وعربی:١٣٩١: ٤٩) ئەمەش مانای وا نییە کە هیچی لێ نەزانیوە و لەشەمسەوە فێر بووە، ((شەمس ڕاستە کەسێکی بلیمەت و زانا بوو، بەڵام مەولانا لەو کەمتر نەبوو. ئەو زانستێکی نوێی فێری مەولانا نەکرد بەڵکو ئەو بوونێکی نوێی بە مەولانا بەخشی)) (شکار:٢٠١٤: ١٤٩) واتا پراکتیکی سەماع لای مەولانا دەگەڕێتەوە بۆ دوای ناسینی شەمسی تەبریزی نەوەک بیرۆکەکەی. لەم بارەیەوە کوڕی مەولانا 'سوڵتان وەلەد' نووسیویەتی: مەولانا بەر لە دیداری شەمس هەرگیز سەماعی نەکردووە، بەڵام دوای دیداری شەمس و بە فەرمان و ئاماژەی مامۆستاکەی دەستی بە سەماع کردووەو تاوەکو کۆتایی تەمەنیشی پابەندی بووە. هەر بۆیە دۆست و یاران و پەیڕەوکارانیشی سەماع دەکەن تاوەکو بەبەرەکەتی ئەو بەدواداچوونەوە بگەنە مەبەستیان

(رجایی:١٣٦٤: ٢٧٤) واتا مەولانا (( لەو ڕووەوە قۆناغی کاڵی و کوڵاوی تێپەڕاندووەو گەیشتوەتە پلەی سووتان، ساڵانێکی زۆر لەڕێچکەی وەرزش و وانەی سلووک-ڕەوشت- و تەواوکاری دەروون و سلووک کاری کردووە و بەووتەی خۆی ڕووناکی بەرەبەیان بوو کە مۆمی کوژاندەوە)) (زمانی:١٣٨٧،ج١: ٤٣٨) دواتر ڕوویکردووەتە سەماع.
لێرەدا هەوڵدەدرێت بە پوختی ئاماژە بە گرنگترین شێواز و جۆر و بابەتەکانی پەیوەست بە سەماع بکرێت لای مەولانا:

## ٢-١ شێواز و جۆرەکانی سەماع لای مەولانا:

بابەتی سەماع لای مەولانا بابەتێکی قوڵەو بەچەندین جۆرو شێوازی تایبەت باسی لێوە کردووە و ژمارەیەکی بەرچاوی شیعرەکانی تایبەت کردووە بەم بابەتە. لێرەدا هەوڵدەدرێت پوختەی گرنگترین جۆر و شێوازی سەماع لای مەولانا بخرێتە ڕوو. بۆ ئەم مەبەستەش ئەم غەزەلەی مەولانامان هەڵبژاردووە کە چەند جۆر و شێوازێکی سەماعی تێدا بەرجەستە کردووە:

" سماع جان "

| | |
|---|---|
| سماع ارام جان بی قرار است | کسی داند که اورا جان جان است |
| کسی خواهد که او بیدار گردد | که او خفته میان بوستان‌ست |
| ولیک آن کو به زندان خفته باشد | اگر بیدار گردد در زیان‌ست |
| سماع آن جا بکن کان جا عروسیست | نه در ماتم که آن جای فغانست |

( مولانا / غزل ٣٣٩ )

لێرەدا مەولانا بەم شێوەیە ئاماژە بەنهێنییەکانی سەماع دەکات و دوای ناساندنێکی کورتی سەماع مەرج بۆ سەماع کاران دادەنێت و سەماع تایبەت دەکات بەدەستەیەکی دیاریکراو کە هوشیارو بەئاگان و لە خەڵکانی گشتیان جیا دەکاتەوە. واتا سنورو چوارچێوەیەکی بۆ دیاردەکات کە هەموو کەس ناتوانێت بەشداربێت. دواتریش سێ جۆر لە سەماعمان پیشاندەدات: **یەکەمیان** چێژ بەخشە وەکو ئەوەیە کە کەسەکە بەهۆش خۆی بێتەوە و ببینیت لەناو بێستانێکدایە، واتا ئەو کەسە توانیویەتی بەهۆی سەماعەوە ڕوحی ئازاد بکات و قەفەسی نەفس بشکێنێت و بەرزە فڕ بێت، جۆری **دووەمیان** ئەوەیە کە کەسەکە بەهۆی سەماعەوە نەیتوانیوە هێشتا ڕوحی ئازاد بکات و هەست بەوە دەکات کە ڕووحی لە زیندانی جەستەدایە و پەلەقاژێیەتی بۆ خۆ دەربازکردن. چونکە (( سۆفیەکان بە سەماع باڵندەی گیانیان لەشەقەی باڵدەدەن بەرەو عەرش بەمەش سۆفی خۆی لەداوی من و جەستە ئازاد دەکات)) (کزازی:١٣٨٨: ١١٤)
**سێیەم** جۆری سەماعیش لێرەدا ئاماژەی پێکراوە سەماعی خۆشییە، واتا مەولانا کاتی سەماع پەیوەست دەکات بە خۆشی و شادیەوە'عرس' چونکە **سەماع بۆ ئەو خۆشی و شادی بوو شاد بوونێک لەگەڵ هەموو بوون. تەنانەت** لەکاتە ماتەمینەکانیشدا کۆڕی سەماعی بەستووە، تەنانەت ئەوکاتیش کە هەواڵی مەرگی شەمسی مامۆستاو ڕابەری پێدەگات. هەربۆیە شەوی کۆچی دوایی مەولانا ناونراوە شەوی 'عرس' واتا 'بوکێنی' یان 'زاوایی' و لەو شەوەدا پەیڕەوکارانی مەولانا کۆڕی سەماع دەبەستن و شیرینی دابەشدەکەن.
**جۆری چوارەمی سەماع لای مەولانا سەماعی واجبە،** لەڕوانگەی مەولانا مرۆڤی پابەند بە سەماع دەرباز دەبێت لە خودو پەیوەستییەکانی جیهانی مادەدی، بۆیە ئەو سەماع هاوشانی عیبادەت دادەنێت، واتا سەماع شتێکە لە سەرووی دەسکردنەوەو پێ لە زەوی کوتان، بەڕای ئەهلی سەماع مۆسیقا هێمای ئایەتی هۆشیاردەرو بیستراوی خودایە، کە بەبیستنی مرۆڤ مەنزڵگای یەکەمی بیردەکەوێتەوە لەکاتی ئەلەست). (چیتیک:١٣٨٨: ١٧٥) ئەم بیرۆکریە بەڕوونی لەم دێرەی خوارەوەدا ئاماژەی پێکراوە:

| | |
|---|---|
| کسانی را که روشان سوی قبله‌ست | سماع این جهان و آن جهانست |
| خصوصا حلقه‌ای کاندر سماعند | همی‌گردند و کعبه در میانست |
| اگر کان شکر خواهی همان جاست | ور انگشت شکر خود رایگانست |

( مولانا / غزل 339 )

لێرەدا مەولانا شێوازێکی سەماع دەخاتە ڕوو کە هەمان ئەو سەماعە واجبەیە کە مامۆستاکەی 'شەمس' ئاماژەی پێ کردوەو -ئێمەش لە پێشەوە باسمانکردووە-. بۆیە سەماع بۆ مەلانا وەکو عیبادەت بوو پاڕانەوەیەک لە کەعبەو ئاستانەی ڕوحە و بۆ ڕێبوارانی مەعنەوی هەردوو جیهانە. مەولانا لە دوو نیوە دێری دووەمدا بە ڕوونی ئاماژە بە کۆڕی سەماع دەکات و دەڵێ: کاتێک کە سەماکاران دەسوڕێنەوە کەعبە لەناوەڕاستی بازنەی سەماکارانە، بۆیە ئەو سوڕانەوەش بە عیبادەت و هاوتای تەوافی کەعبە دادەنێن. پێی وایە کانگەی سوپاس و ستایش لەو جێگایەدایە. واتا سەماع شێوازێکی پەرەستن و سوپاس گوزاریە لای مەولانا، چونکە ئامانج لە عیبادەت کردن سوپاسگوزاری و بەیەک گەیشتنە کە مەولانا هەردووکیان لە کۆڕی سەماعدا بەدیدەکات. بۆیە لای مەولانا شێوازەکانی عیبادەتکردن جۆراوجۆرن، بەڵام ئەوەی کە گرنگە ئامانجە.

جۆری پێنجەمی سەماع کە باوترینیانە لای مەولانا سەماعی 'بێ ویستە' واتا سوڕانەوەی بێ پێشەکی و ئامادەکاری ، کە ئەمەش ویستی گیان و خواردنی ڕوحی مەولانا بووە، ئەم سوڕان و سوڕانەوەیە پێویستیەکی دەروونییە نەبەهۆی ئازارەوەیە نە لەسەر هەواو هەوەس. دەنگی ڕشانی ئاوو دەنگی چەکوشی زەرگەری کەمترین بیانوەک بوون بۆئەوەی مەولانا بکەوێتە سەماع لە کوچەو کۆڵانەکانی شار. مەولانا لەبارەی سەماعی ڕاستەقینەوە وتویەتی:

**برسماع راست هرتن چیره نیست طعمهء هر مرغکی انجیرنیست**

واتاهەموو جەستەیەک ناتوانێت سەمای ڕاستەقینە بکات، چونکە هەموو جوڵەیەو سەمایەک ناچێتە خانەی سەمای ڕاستەقینەوە، ئەوانەنەبێت کە نەفسیان کوشتوەو ڕوحیان ئازادە. هەروەکو ئەوەیکە نموونەیبۆ هێناوەتەوە کە هەموو باڵندەیەک ئارەزوویهەنجیر ناکات و تامی هەنجیری لا خۆش نییە.

جێی باسە سەماع لای مەولانا شێواز و ڕێگەیەکە بۆ دابینکردنی خۆراکی ڕوح:

**پس غذای عاشقان امد سماع**

**که در او باشد خیال اجتماع (مولوی:١٣٦٣: دفتر چهارم بیت٧٤٢)**

لێرەدا مەولانا سەماع بەو سفرەو خوانێک دادەنێت کە عاشقان لەدەوریدا کۆدەبنەوەو ڕوحیان تێردەکەن. هەروەها سەماع لای مەولانا شێوازێکی تایبەتە بۆ ئارامکردنەوەی دەروون و ڕووح، وەکو خۆی لەسەرەتای غەزەلی 'سماع جان' دا ئاماژەی پێ کردووە:

**سماع آرام جان زندگانیست کسی داند که او را جان جانست (مولانا، غزل ٣٣٩)**

واتا سەماع ئارامی دەروون و ڕوحی مرۆڤە، لە دوای کرژی و هەڵچوون. تەنها گیانی گیانان-پەروەردگار- تێی دەگات.

## ٢-٢ ئەرک و ئامانجی سەماع لای مەولانا:

وەکو پێشتریش لەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بە ئەرک و ئامانجەکانی سەماع کراوە، بەڵام بۆئەوەیکە تیشک بخرێتە سەر ئەم بابەتە لای مەولانا چەند نموونەیەکی شیعریمان هەڵبژاردووە کە دەربڕی پوختەی بیری مەولانان لەو بارەیەوە، لە گرنگترینیشیان ئەم غەزەلی 'سەماع'ە یە کە مەولانا پوختەی چەندین ئەرک و ئامانجی سەماعی تێدا بەرجەستە کردووە:

" سماع "

**بیا بیا که تویی جان جان سماع بیا که سرو روانی به بوستان سماع**

**بیا که چون تو نبودست و هم نخواهد بود بیا که چون تو ندیدست دیدگان سماع**

**بیا که چشمه خورشید زیر سایه تست هزار زهره تو داری بر آسمان سماع**

**سماع شکر تو گوید به صد زبان فصیح یکی دو نکته بگویم من از زبان سماع**

**برون ز هر دو جهانی چو در سماع آیی برون ز هر دو جهانست این جهان سماع**

**اگر چه بام بلندست بام هفتم چرخ　　　گذشته است از این بام نردبان سماع**

**به زیر پای بکوبید هر چه غیر ویست　　　سماع از آن شما و شما از آن سماع**

**چو عشق دست درآرد به گردنم چه کنم　　　کنار درکشمش همچنین میان سماع**

**کنار ذره چو پر شد ز پرتو خورشید　　　همه به رقص درآیند بی‌فغان سماع**

**بیا که صورت عشقست شمس تبریزی　　　که باز ماند ز عشق لبش دهان سماع**

**(مولانا / غزل 1295)**

لێرەدا مەولانا ئاماژە بە ئامانجی سەرەکی سەماع دەکات کە خۆی لە دوو قۆناغی بەتاڵبوونەوە و گەیشتندا بەرجەستە ئەکا. بەتاڵبوونەوە لە هەرچی پەیوەستە بەوەی کە مرۆڤ بە مادديات ئەبەستێتەوە و گەیشتنەوە بە خاڵی دەسپێک کە نووری

**یەک لە ئامانجەکانی سەماع** گەیشتنە، بۆیە لە دوونیوە دێری شەشەمدا دەڵێ: هەرچەندە چینەکانی ئاسمان بڵندن و جێگای دولبەری حەقیقیش لە دواین چینی ئاسمانە، بەڵام پلیکانەکانی سەماع لە هەر حەوت چینەکانی ئاسمانیش بڵندترە بۆیە دیداری یار لە کۆڕی سەماعدا ئەستەم نیە و سەماع هۆکاری بەرز بوونەوەی ڕوحەکانە، واتا لێرەدا سەماع هەم ئەرکەو هەمیش ئامانجە.

دواتر مەولانا لە دوو نیوەدێری حەوتەمدا **ئاماژە بە ئەرک و ئامانجێکی دیکەی سەماع** دەکات، لەرێگەی هێمای دەست و پێیەکانەوە و دەڵێ: لەکۆڕی سەماعدا کاتێک پێیەکان لەزەوی دەدەیت هەموو شتێک جگە لە حەق دەخەیتە ژێر پێیەکانتەوەو فڕێی دەدەیت بەخودو بە جیهانیشەوە. واتا سەماع هەم ئەرکی داماڵینی و کوشتنی نەفس دەبینێت کە ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەماع کە ئازاد بوون و گەیشتنە.

هەروەها مەولانا لە نیوە دێرەکانی دیکەدا ئاماژە **بە ئامانجێکی دیکە** دەکات کە لە کۆڕی سەماعدا بەدەستدێ ئەویش ئەوەیە کە بەهۆی سەماعەوە دڵەکان دەبن بەیەک و دەگەن بە سەرچاوەی ڕوناکی. بۆیە لەم بارەیەوە دەڵێ: سەماع لەئێوەیە و بۆ ئێوەیە، لە کۆڕی سەماعدا یار دەست لەملی دڵدارەکەیدا دەکاو ڕایدەکێشیت بۆناو کۆڕەکە بۆئەوەی چێژ وەربگرێت. دوای ئەوەی دەنکۆڵەکان پڕدەبن لە ڕووناکی خۆر، مەبەستی سەماعکارانە کاتێک پڕ دەبن لە نووری خودا، هەموو بە بێدەنگی دەکەونە سەماکردن. لە کۆتایشدا مەبەستەکەی دووپاتدەکاتەوە کە شەمسی تەبرێزی وێنای عەشقە وعەشقیش واقی وڕدەمێنێت لەهەمبەر سەماع. لێرەدا ئەگەر ڕیزبەندەکەش بگۆڕدرێت هەر تەواوە، واتا شەمسی تەبریزی سەماعەو سەماعیش عیشقە و عیشقیش واقی وڕماوە لەئاست دولبەری حەقیقیدا. دیسانەوە مەولانا لەم بارەیەوە دەڵێ:

**کسی کو جوهر خود را ندیدهست　　　کسی کان ماه از چشمش نهانست**

**چنین کس را سماع و دف چه باید　　　سماع از بهر وصل دلستان‌ست**

**کسانی را که روشان سوی قبله‌ست　　　سماع این جهان و آن جهانست**

**خصوصا حلقه‌ای کاندر سماعند　　　همی‌گردند و کعبه در میانست**

**اگر کان شکر خواهی همان جاست　　　ور انگشت شکر خود رایگانست**

**( مولانا / غزل ٣٣٩ )**

لێرەدا مەولانا هەوڵی ناساندنی ئەهلی سەما دەدات کە کاریان دۆزینەوەی گەوهەری ناخی خودە، چونکە کەسێک گەهەری ناخی خۆی نەدۆزیبێتەوە و خۆی نەناسێت ناتوانێت خودا بدۆزێتەوەو بیناسێت. بۆیە دەڵێت ئەو کەسەیکە گەوهەری ناخ نەبینێت وەکو نابینا وایە کە مانگ لە ئاسماندا نەبینێت یاخود ئاسمانی بێ مانگ بێت و تاریک، بۆیە بەرچاوی نابینێت و وەکو نابینا وایە یانیش شەوارە دەکات. دواتر لە دوو نیوە دێری دووەمدا دەپرسێت: سەماع و دەف بۆ ئەم جۆرە کەسانە چ سوودێکی هەیە؟! واتا بۆ ئەم جۆرە کەسانە سەماع بێ ئامانجە، دواتر ئاماژە بە ئامانجی سەماع دەکات، چونکە یەک لە ئامانجەکانی سەماع بەیەکگەیشتنی دڵەکانە لە' دل ستان' دا کە شوێن و مەنزڵگەی دڵانە مەولانا سەماع بۆ مەبەست و ئامانجی دیاریکراو ئەنجام دەدات و سەماعی بێ ئامانج ڕەد دەکاتەوە و بەسەمای ورچی دەچوێنێت و سەماعی سۆفییانەش بە ڕاست دەزانێ کە هاوکات کوشتنی نەفس و شکاندنی خودی لەگەڵدایە، بۆیە دەڵێ:

**طرفه کوری دوربین تیز چشم          لیک از اشتر نبیند غیر پشم**

**مو به مو بیند ز صرفه حرص انس    رقص بی مقصود دارد همچو خرس**

**رقص انجا کن که خودرا بشکنی    پنبەرا از ریش شهوت برکنی** (مولوی:١٣٦٣: دفتر سوم بیت٩٣)

واتا کەسێکی کوێری چاو تیژ لە حوشتردا جگە لە خورییەکەی نابینێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو کەسانەیکە چاوی سەریان هەیەو چاوی دڵیان کوێرە بۆیە ئەوانە لەحوشترێکی گەورە بەو هەموو وردەکارییەوە تەنها دیوی دەرەوەی کە خوریەکەیەتی دەبینن. لێرەدا ئەتواری ڕاستەقینەی ئەم کەسانە ئاشکرا ئەکا کە بەبێ تێگەیشتن لە گەوهەری سەما، تەنیا هونەری سەماکاری پیشە ئەکەن. لە دێڕی کۆتاییشدا ئاماژە بەوە دەکات کاتێک دەست بە سەماکردن بکە کە لە خودی ماددی بەتاڵ بوویتەوە و گەیشتبیتە قۆناغی دەربازبوون لە خود و خودبینی. کە ئەمەش ڕێگەی ڕاستی سەمایە بۆ گەیشتن بەئامانج.

لەبارەی ئەرکی ڕاستەقینەی سەماعەوە مەولانا گوتویەتی:

**رقصان نبود که هرزمان برخیزی          وزیر دو پای خویش گرد انگیزی**

**رقص ان باشد که چون درایی به سماع      جان در بازی وز دوجهان برخیزی**

لێرەدا لەژێر پێناسەکردنی سەماعدائەرکەکەیمان بۆڕوندەبێتەوە کەدەڵێت سەماکردن تەنها ئەوە نییە کە هەرکات بتەوێت هەستی و بکەوییە جوڵەو تەپ و تۆز بکەی لەژێر پێیەکانت. بەڵکو سەماع ئەوەیە کە کاتێک دەستت پێکرد ڕوحت لە هەردووجیهان بێبەری بکەی. ئاشکرایە مەولانا جیاوازی نێوان سەماو سەماعی بە زاراوەش پیشانداوە کە 'رقص' جۆری دەسکردەو 'سماع' سەمای مەستانەی سۆفی و عاریفانە.

## ٢-٣ ئامێرە مۆسیقییەکانی سەماع لای مەولانا:

مەولانا هەم لە زانستی تیۆری و هەم لە پراکتیکی مۆسیقا شارەزاییەکی تەواوی هەبووە، خۆیشی ئاماژەی بە شارەزایی لەبواری ڕوباب و چەنگ و نەی کردووە لە دیوانی شەمسدا. هەر ئەم ئاگایی و زاڵبوونەی مەولانایە لە بواری مۆسیقادا وایکردوە کە دەریایەک زاراوەی سەبارەت بە ئامێرو شێوازی مۆسیقا تێچرژێنێتە دیوانی مەسنەوی و شەمشەوە . هەروەها بەخۆیشی ساز و ڕوبابی زۆر بە وەستایی لێداوە. ( همایی:١٣٦٠: ٥٩٥-٥٩٦)

وەکو پێشتریش ئاماژەمان پێکرد مەولانا پێی وابوو مۆسیقا ئاوازی بەهەشتەو کە گوێێ ڕوحی مرۆڤ مێژوویەکی کۆنی هەیە لەگەڵ بیستنیدا، کەبەهاتنی بۆ ئەم جیهانە ماددییە لەبیری کردووە، بەڵام بەبیستنیان دووبارە ئەو ئاوازە کۆنانە دێنەوە دەنگ. ئەوەتا لەم دێرەی خوارەوە ئاماژەی پێدەکات:

**مومنان گویند اثار بهشت          نغز گردانید هر اواز زشت**

**ما همه اجزای ادم بودیم          در بهشت ان لحنها بش نودیم** (مولوی:١٣٦٣: دفتر چهارم، بیت٧٣٥)) لێرەدا مەولانا بە شێوازێکی نزیک لە ڕەخنە ڕوو دەکاتە ئیمانداران و دەڵێ: ڕاستە ئیمانداران زۆر باسی بەرهەمی بەهەشت دەکەن، کەواتە پێویستە هەر ئاوازێکی ناخۆش ڕەد بکەنەوە و ڕێگریش نەکەن لە ئاوازی خۆش، چونکە ئەو ئاوازە خۆشانە بەرهەمی بەهەشتن و ئێمەش هەموو بەشێک بووین لە ئادەم و لە بەهەشتدا گوێ بیستی ئەو ئاوازانە بووین.

دواتر مەولانا زۆرتر ڕوودەچێتە بابەتەکە و مۆسیقا دەکاتە مەرجی ئیمانداری و هاوتای شهادە هێنانی دادەنێت:

**این علم موسیقی بر من چون شهادت است**

**چون مؤمنم شهادت و ایمانم ارزوست** (مولوی:١٣٦١: غزل٤٥٧)

واتا زانستی مۆسیقا بۆمن وەکو شایەتمانە و منیش لەبەر ئەوەی ئیماندارم، بۆیە ویستی شهادە و ئیمانم هەیە. هەروەها مەولانا شیعری خۆی هاوشێوەی ناڵەی نەی و نەوای چەنگ و هاوارەکانی دەف داناوە ، چونکە ئەو پێی وایە هەروەک چۆن ئەوە ئامێرانە بەهۆی دووریان لە سەرچاوەی ئەزەلیانەوە دەناڵێنن، شیعرەکانی مەولاناش ناڵەو فیغانی ئەوە بەهۆی لە دووری نیشتمانی ئەزەلییەوە ( سرامی:١٣٨٤: ٥٠)

شایەنی ئاماژە پێکردنە مەولانا لە شیعرەکانیدا بەتایبەت لە دیوانی شەمسدا ناوی زۆر ئامێری مۆسیقی هێناوە وەکو (بربط، سرنا، تار، ساز، ...) بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە لەو شیعرانەی کە تایبەتن بەبابەتی سەماع ناوی چەند ئامێرێکی

مۆسیقی تایبەت بەو بابەتە دەهێنێت وەکو: نەی و دەف و ڕوباب و چەنگ. کە لێرەدا هەوڵدەدرێت بە کورتی ئاماژەیان پێ بکرێت:

**٢-٣-١ نەی:**

مەولانا لە دیوانی'کبیر' و ڕووباعییەکانی و هەروەها لە دەسپێکی مەسنەویدا کە بە 'نەی نامە' ناوبانگی ڕۆیشتوە، بەبەردەوامی دەروونی خۆی بە نەی چواندووە. گرنگترین وێناش هەمان ئەو وێنای نەیە یە بۆ مرۆڤ کە مەولانا پیشانی دەدات، چونکە مەولانا خۆی بەو نەیە دەچوێنێت کە لە بە لێوی پەروەردگارەوەیە و بەو شێوەیە ئاواز دەردەبرێت کە ئەو دەیەوێت( سروش:١٣٧٩: ٩٣)

بۆیە دەبینرێت مەولانا لە بەرگی یەکەمی دیوانی گەورەدا ئاواتەخوازی ئەوەیە کە بگاتە ئەو ئاستەی کە پەیام لە پەروەردگارەوە وەربگرێت، بۆیە لەم دێرەدا دەڵێ:

**با لب دمساز خود گر جفتمی**

**همچو نی من گفتنی ها گفتمی** ( مەلوی:١٣٦٣، دفتر اول، بیت٩٧)

واتا ئەگەر لێوم جووتبێ لەسەر لێوی دەمساز، ئەوکات نەوتراوەکان دەڵێم . مەبەستی ئەوەیە ئەگەر ئەویش وەکو نەی ئەزەلی لەسەر لێوی پەروەردگاری بوایە ئەوا دەیتوانی پەیامەکانی پەروەردگاری بگەیەنێت . بەڵام لەبەرگی شەشەمدا دەگاتە ئەو مەبەستە و ئاماژەشی پێدەکات و دەڵێ:

**دو دهان دارم گویا همچو نی**

**یک دهان پنها است از لب های وی** ( مەلوی:١٣٦٣، دفتر ششم، بیت٢٠٠٢)

واتا وەکو نەی دوو دەمم هەیە، یەکیان شاردراوەتەوە لە لێوی ئەودا. مەبەستی لە دەمی شاراوە ئەوەیە کە ئەو پەیامانەی کە لە شیعرەکانیدا دەریدەبرێت پەیامی یەزدانیەو ئەم تەنها گەیەنەرەکەیەتی.

**٢-٣-٢ دەف:**

دەف بەر لەوەی ببێتە ئەندامێکی کارای کۆڕی سەماع پیرۆزی خۆی هەبووە و کۆڕی زیکر و بۆنە ئایینیەکانی پێ ڕەونەقدار کراوە. مەولاناش بەهەمان شێوە دەف بە ڕەونەقی سەماع دادەنێت و پێی وایە بەبێ دەف سەماع تەواو نابێت:

**زان رونق هر سماع دف است**

**زان است که دف زخم و ستم را هدف است**

**می گوید دف که ان کسی دست ببرد**

**کاین زخم پیاپی دل او را علف است** (مولوی:١٣٦١: رباعی٣٤٣)

واتا ڕەونەقی هەموو سەماعێک دەفە، چونکە دەف ئامانجی برین و زوڵم و ستەمە. دەف دەڵێت ئەو کەسەیکە دەستم بۆ بەرێت، ئەم برینە نەبڕاوەیە دڵی ئەویش دەگرێتەوە. مەولانا دەنگی دەف وەکو تیمار و هەتوانێک دادەنێت بۆ برین و ئێش و ئازارو ستەمەکانی دڵ. بۆیە مەولانا خۆی بەدەف دەچوێنێ کاتێک دەڵێ:

**اگر چە میزنی سیلیم چون دف**

**که اواز خوشی داری، صدا کن**

**چو دف تسلیم کردی روی خود را**

**بزن سیلی و رویم را قفا کن** (مولوی:١٣٦١: غزل١٩١٤)

واتا هەرچەندە شەقازلەم پیا دەکێشی وەکو دەف، بۆئەوەی ئەگەر ئاوازی خۆشم پێیە دەریببڕم. بۆیە منیش وەکو دەف ڕووی خۆم دابەدەستەوە و -شەقازلەبارانم بک- ڕووم داپۆشە. لێرەدا مەولانا هۆکاری دەنگ خۆشی دەف بۆ ئەو ئازارە دەگێڕێتەوە کە بەریدەکەوێت بەدەست، چەند بەتوندی و خێرایی پیای بکێشی دەنگی خۆشتر و کاریگەرتر دەبێت. بۆیە شاعیر خۆی بەدەف دەچوێنێ و پێی وایە پەروەردگار بۆیە ئازاری دەدات بۆئەوەی شیعر و ئاوازی خۆش دەربرێت، بۆیە ئەمیش تەواو ڕازییەو ڕووی خۆی تەسلیمی پەروەردگاری کردووە کە بەزلە داپۆشێت.

دیسانەوە مەولانا لەبارەی دەفەوە وتویەتی:

**ای مطرب جان چو دف به دست امد**

**این پرده بزن که یار مست امد**

واتا لە کۆڕی سەماعدا کاتێک دەف بەدەستەوە دەگرن ئیتر یار بەدەردەکەوێت، چونکە بەلێدانی پەردەی دەفەکە، پەردەکانی نێوان سەماعکاران و دولبەری حەقیقی لادەچێت و خۆی دەردەخات،ئەو پەردەیەی کە ویستە نەفسییەکان دروستیان کردوەو عاریف سالانێکی زۆر وەرزشی ڕوحی ئەنجامداوە بۆ زاڵبوون بەسەریانداو کپ کردنەوەیان. کۆڕی سەماع دەبێتەجێگای دیداری دڵدارودولبەر.

## ٢-٣-٣ ڕوباب:

**هیچ میدانی چه میگوید رباب ز اشک چشم و از جگرهای کباب**

**پوسی ام دورمانده من ز گوشت چون ننالم در فراق و در عذاب (مولوی:١٣٦١: عزل٣٠٤)**

واتا دەزانی ڕووباب چی دەڵێت؟ باسی فرمێسکی چاوو برینی جەرگ دەکات. پێستم لە گۆشتم جیاکراوەتەوە، چۆن نەناڵێنم لە دەردی فیراق و لە ئازار؟ لێرەدا مەولانا جیاکارییەکی نێوان نەی و ڕوباب پیشاندەدات، ئەویش ئەوەیە کە ناڵینی نەی تەنها لەئازاری فیراقە، بەڵام لەڕووبابدا چەند ناڵینێک هەیە یەکیان فیراقەو ئەویتریشیان ئازاری دابڕانی پێستە لەسەرچاوەی یەکەمی و دوایش ناڵینی ئەندامەکانی دیکەی ڕوباب.

**ای بانگ رباب از کجا می ای پر اتش و پر فتنه و غوغایی**

**جسوس دلی و پیک ان صحرایی اسرار دل است هرچه می فرمایی (مولوی:١٣٦١: رباعی١٧١٢)**

لێرەدا مەولانا ئاماژە بەو نهێنی دڵ دەکات کە بەهۆی ڕووبابەوە دەیبیستێت، بۆیە لەسەرچاوەکەی دەپرسێت و دەڵێت: ئەی ڕووباب ئەو دەنگەت لەکوێوە دێ ؟کە پڕ لە بڵێسەو هەرایە. دواتر ڕووی تێدەکاتەوەو ئەوجارە دەڵێت تۆ خۆشی دڵیت و پێکی بیابانی، واتا هۆکارێکە بۆ وەجد و خۆشی و هەرچییەکیش کە دەیڵێیت نهێنی دڵە، مەبەستی نهێنی فیراق لەسەرچاوەی ئەزەلی.

## ٢-٤ سەماع و وەجد لای مەولانا:

دەکرێت بوترێت زۆربەی غەزەلە ئاوازدارەکانی مەولانا لە دیوانی شەمسدا لەکاتی وەجددا هۆنراونەتەوە، لەکۆی ئەوانەش ئەم غەزەلەی خوارەوە کە دڵنیایی دۆخی مەستی و بێ ئاگایی پێوە دیارە:

**من که مست از می جانم، تتناهو، یا هو**

**فارغ از کون و مکانم تتناهو، یا هو**

**چشم مستش چو بدیدم، دلم از دست برفت**

**عاشق چشم فلانم تتناهو، یا هو**

**گاه در صومعه با اهل عبادت همدم**

**گاه در دیر مغانم تتناهو، یا هو**

مەولانا مەستی مەی خودایییە، ئەو مەیەی بەتاڵی کردوەتەوە لە هەموو شتێک جگە لە ئەو، چاوە مەستەکانی دولبەر دڵی لێ بردووە. دواتر مەولانا ئاماژە بە خاڵێکی سەرنجڕاکێش دەکات کاتێک کە دەڵێت من هەندێکجار ئەهلی عیابەدەتم و هەندێکجاریش دەیری موغانم. واتا هەندێکجار پەیڕەوکاری شەریعەتم و هەندێکجاریش سەر بە ڕێبازی مەستانم کە دەکاتە عرفانی عاشقانە.

**من به تقدیرم و تقدیر هم از ذات من است**

**قادر هر دو جهانم تتناهو، یا هو**

**تن به تن، ذره به ذره همه انوار منند**

**زآنکه خورشید نهانم، تتناهو، یا هو**

ئاشکرایە لە دۆخی وەجددا ڕێبوارانی تەریقەت نهێنییە نەوتراوەکان دەڵێن، بۆیە لێرەدا مەولاناش لەدۆخی وەجدداپەو دەڵێ: من دەتوانم تەقدیری خۆم دیار بکەم و تەقدیر لە منەوەیە، چونکە من ئاگاداری هەردوو جیهانم. ئەمەش ئەو پێگەیەیە کە مەولانا پێی گەیشتوە و چاوی دڵی کراوەتەوە و ئاگاداری هەموو شتێکە و نهێنیەکانی گەردوونی بۆ اشکرا بوون. بۆیە خۆی بەخۆری نیهان دادەنێت و توانای بەخشینی وزەو ڕوناکی هەیە بۆ کەسانی دەوروبەری.

مەولانا لە زۆر شیعردا ئاماژە بە سەرچاوەی وەجد دەکات کە سەماعە و پێی وایە بەهۆی سەماعەوەیە پەیامی شاراوەی دەگات بە دڵ و دواتر ئارامی دەکاتەوە:

**سماع چیست؟ ز پنهانیان به دل پیغام**

**دل غریب بیابد زنامەشان آرام**

**حلاوتی عجبی در بدن پدید آید**

**که از نی و لب مطرب شکر رسید به کام**

لێرەدا مەولانا لەلایەک سەماع دەناسێنێت کە پەیامێکی نهێنیە و ئەگاتە دڵ، بۆیە دڵی داماو بەناو هێنانی ئارامی باڵ بەسەریدا دەکێشێت، دواتر ئاماژە بەو وەجدە دەکات کە لەڕێگەی سەماعەوە بەدەست دێت کە چێژێکی زۆر خۆشە و جەستە دادەگرێت، بەجۆرێک وەکو بڵێی لەلێوی 'نەی' و موتریبەوە شەکر بباریتە ناخی سەماکارانەوە. واتا مەولانا سەماع بەهەڵچونێکی ڕوحانی دادەنێت کە لەم ئەزموونە ڕوحانیەدا سەماکاران دەکەونە ژێر کاریگەری شیعرو مۆسیقاوە بەهۆی وەجد و سەرسامییەوە ئاگایان لەخۆ نامێنێ و زۆرجار دەبورێنەوە و چەندین کاتژێر بەدەوری خۆیاندا دەسوڕێنەوە. دەستیان دەکەنەوە و پێیان لەزەوی دەکوتن بەهۆی ئەم حاڵ و وەجدەوە بۆ چەند چرکەیەک لە جیهانی زەمینی دادەبڕێن و لەگەڵ سەرچاوەو ئامانجی سەمادا یەکدەگرن. هاواردەکەن و هەنێکجاریش جل دەدڕێنن و بەهۆی ویستی بەرزبوونەوە دەست و پێ دەجوڵێنن وەکو هێمای حەزی فرین.

ئەوەی لە شیعرەکانی مەولانادا تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە لە غەزەلەکانی، ئاوازو شیعرو سەماع بەئەستەم دەتوانرێت لێک جیا بکرێنەوە. لە ڕاستیدا دەکرێت بوترێت شیعرەکانی مەولانا هەریەکەیان بۆخۆیان یەکپارچە سەماعن ، وەکو بڵێی هەر بۆ مەبەستی کۆڕی سەماع گوترابن.

### سێیەم: ڕەنگدانەوەی سەماع لای مەلای جەزیری:

((جەزیری وەکو عاریف و شاعیری مەزن کاریگەر بووە بە شاعیرو عاریفانی پێش خۆی وەکو:حافز، سەعدی، جامی، حەلاج، سوهرەوەردی، شبلی، سەعدی، خەیام، غەزالی، کەرخی...)) (وەلاتژێری:٢٠١٧: ١٣٢-١٣٥) ئەم زانیاری و کاریگەریانە وایان لە جەزیری کردووە زۆر بە قوڵی بچێتە ناو بابەتی عیرفانەوە و ناوبانگی بەناوچەکەو دەوروبەریشیدا بڵاو بێتەوە. تەنانەت ((گەورەپیاوانی تەسەوفیش دانیان بە مەزنی جەزیریدا ناوە کە لەبواری سۆفیگەریدا زۆر پێش هەمووان کەوتووە، تەنانەت فەقێ تەیرانیش)). (ڕەسووڵ:٢٠١٢: ٢٤٠)

جێی باسە مەلای جەزیری شاعیرو عاریفی مەزنی کورد، بە یەک لە سەرسەخترین پەیرەوکارانی ڕێبازی عیرفانی عاشقانە هەژمار دەکرێت لە ئەدەبیاتی کوردیدا کە (ڕەگو ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 'ڕابیعەی عەدەوی' و 'زەننونی میسری' کە پێیان وابوو گەردوون بریتییە لە سرودێکی بێگەردی و برایەتی و چاکەکاری) (شوان:٢٠١٤: ٥٧). بۆیە دەکرێت بوترێت ( تایبەتمەندی سەرەکی شیعری جەزیری ئەوەیە سەرلەبەری شیعری سۆفییانەیە) (موحەمەد و کوێخا

موحەمەد:٢٠١٤: ٢٦) مۆسیقاش لەدیارترین تایبەتمەندییەکانی دیوانی مەلای جەزیرییە، ئەمەش مانای وایە شاعیر شارەزاییەکی تەواوی لەبارەی ئامێرە مۆسیقییەکانەوە هەیە، ئەمە وێڕای ئاوازی شیعرەکانی کە زۆرجار بەبێ مۆسیقا دەکرێت بکرێن بەگۆرانی، دیسانەوە ئەمە بەهۆی کاریگەری بابەتی سەماعەوەیە. بۆنموونە لەدەسپێکی دیوانەکەیدا دیارە:

**نەوایا موتریب و چەنگێ فەغان ئاڤێتە خەرچەنگێ**

**وەرە ساقی حەتا کەنگێ نەشۆیین دل ژ ڤێ ژەنگێ**

**حەیاتا دل مەیا باقی بنۆشین دا ب موشتاقی**

**((الا یا ایها الساقی! ادر کآسآن و ناولها)) (جەزیری،ل١)**

شاعیر داوا لە ساقی دەکات وەکو جەزیری ژەنگی دڵی بە ئاوازی مۆسیقا بشواتەوە، کەئەمە دەسپێکی بابەتی سەماعە لای جەزیری، واتا هەنگاونانە لە بواری سۆفیگەری عاشقانەوە بەرەو سەماعی مەستانە. جێی باسە شاعیر شیعرو مۆسیقاو سەماعی بۆ وەسفکردنی ئەو شتانەیکە وەسف ناکرێن بەکار هێناوە. بۆیە دەکرێت بگوترێت سەماع دەربڕی بیری جەزیرییە. ئاشکرایە سەرەتا بابەتی مەیی و مەستی لای جەزیری بابەتێکی حاشا هەڵنەگرە، بەڵام دواتر جەزیری پەنادەباتە بەر سەماع بۆ گەیشتن بە دولبەری حەقیقی، چونکە دولبەری حەقیقی لەو کۆڕەدا بێ پەردە خۆی بۆ عاشقانی دەردەخات.

## ٣-١ شێواز و جۆری سەماع لای جەزیری:

جەزیری بەچەندین شێواز و جۆری تایبەت بابەتی سەماعی لە دوتوێی شیعرەکانیدا بەکار هێناوە، لێرەدا هەوڵدەدرێت ئاماژە بە گرنگترینیان بکرێت:

وەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا جەزیری عارفێکی سەربە ڕێبازی عاشقانەیە و سەرچاوەی ئەم عیشقە نەمرییەش لای جەزیری ڕۆژی 'قالو بلی' وە دەستپێدەکات، کاتێک کە خودا فووی بەدەمی ئادەمدا کردووە. جەزیریش هاوتای عاریفە گەورەکان لەو ڕۆژەوە عاشق و وێڵە بەدوای دولبەری حەقیقی و هەموو هەوڵێکی گەیشتنە بە پێگەی ئەزەلی و دولبەری حەقیقی. ئەمەش لەچەندین شوێنی دیوانەکەیدا بەدیدەکرێت:

**من دبەر 'قالو بلی' باتن ڤە وێرا بوو ئەڤین**

**هێژ ل سەر عەهدا ئەلەستم تا ب ڕۆژا ئاخرین** (جزیری،ل٤٤٩)

وەکو دیارە شاعیر لەڕۆژی ئەزەلەوە عاشق بووە و لێرەدا هاوشێوەی مەولانا پەیمانەکەی 'ئەلەستی' نوێ دەکاتەوە تاوەکو ڕۆژی دوایی. لەچەندین شوێنی دیکەشدا ئەم پەیمان نوێکردنەوە بەدیدەکرێت:

**من دی سەحەر شاهێ مەجەر لەبسێ د بەر مەخموور بوو**

**ئەودێم زەری سوڕ موشتەری یاڕەب پەری یا حوور بوو** (جزیری، ل٤٨٤)

لێرەدا جەزیری وێڕای ئاماژەکردن بە سەماعی بێ ویست ئاماژە بە **شێوازێکی** سەماعیش دەکات، کاتێک دەڵێت: هەروەکو چۆن خۆرسەرداری پۆلە ئەستێرەکانی گەردونە، یاری منیش وەکو خۆر وایە لەنێو جەرگەی ئەستێراندا. لێرەدا دیمەنێکی کۆڕی سەماع پێشاندەدات کە چۆن ئەستێرە بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە سەماکارانی کۆڕی سەماعیش بەدەوری شێخ دا دەسوڕێنەوە، کە ئەمەش هێمای بەردەوامی کۆڕی سەماعە. واتا سەماع پێویستە بەبەردەوامی و بێ پچڕان بێت بۆئەوەی کاریگەرییەکەی دەکەوێت

جۆرێکی دیکەی سەماع لای جەزیری **'سەماعی واجبە'** هەروەک چۆن مەی عاریفان مەی ئاسایی نیە، بۆیە مەستیەکەشی جیاوازە. بەهەمان شێوە حەجی عاریفانیش وەکو حەجی ئاسایی نیە و سەماع بۆ ئەوان هاوتای حەجە. هەروەکو لێرەدا ئاماژەی پێدەکات:

**هەیهەیا رەقس و سەمایا تە چ خوەش بەستییە چەرخ**

**کو د بورجێ ب سەما تێتە ل سەر دەستێ خوە بەرخ**

**سوفیێن هەر د تەوافێ حەجەرولئەسوەدە قەسد**

**گوڵ و سونبول ب سەما تێن حەمییان زەمزەم و چەرخە** (٢٤٧)

واتا سۆفیەکان ئەو خولانەوەی سەماعە هاوتای سوڕانەوە بەدەوری حەجەرلئەسوەد دادەنێن، چونکە لە هەردوو باردا یەک ئامانج بەدیدەکەن، کە ئامانجی گەیشتن بە دولبەری حەقیقییە. سەماعی واجب لای جەزیری تەنها حەج نییە، بەڵکو نوێژ و عیبادەتیشە:

**سەف ب سەف ویلدان پەری بوون بەندێ زولفا عەنبەری بوون**

**تێک ل دیمێ موشتەری بوون ڕەقس و گۆڤەند و سەمایە...**

**پەردەیا خلوێ کو هل دا یەنگیەک من دی د ملدا**

**گەزمەیا ژەهری ل دلدا قەت نەگۆ قەتل و خەتایە**

**حادری چووم سەجدە ژێرا لێ نیەت ئیحرام نەڤێرا**

**عاشقی ئەڤ گەزمە تێرا هەرچی تاعەت کت ڕەوایە** (جزیری،ل٥٤٠)

لێرەدا ڕەنگدانەوەی بۆچوونی مەولانای ڕۆمی بەرووونی لای جەزیری دەردەکەوێت، چونکە مەولانا سوڕانەوە بەدەوری خوددا -سەماع- هاوتای سوڕانەوەی کەعبە دەزانێت، بەڵام لەسەماعدا ئیحرام نیە. جەزیری پێی وایە ڕێگاکانی گەیشتن بە حەق جۆراوجۆرن بۆیە هەرچۆنێک عیبادەت بکەی تەواوە، بەمەرجێک ڕاستگۆیانە بێت. لەسەر ئەو بنەمایە سالیک ڕێی حەق بە سەماعی عاریفانە و ڕاستگۆیانە عەشقی خۆی بە مەعشوقی حەقیقی پیشاندەدات، سەماعی حەقیقی لەدڵ دەردەچێ بۆیە وەکو تەوافی ڕاستگۆیانەی کەعبە کاریگەری خۆی دەبێت. هەرچەندە ڕێگەکان جیاوازن و ناوەکانیش جۆراوجۆرن بەڵام ئامانجەکە یەکە، ئەویش گەیشتنە بەحەق. جەزیری تەنانەت جۆری عیبادەتیشی وەکو خەڵکانی ئاسایی نیە، بۆیە داوا دەکات بێنە سەر ڕێبازەکەیی و واز لە پەرەستنی لاسایی کردنەوە بهێنن:

**سیر پووش و قیبابا مەیە تەسبیح و موسەللا**

**وەر دا بدرێنین ل خوە ئەو پەردە قەتابێ**

**لیللاە وەرە ساقی ب دو جامان مە جوان کە**

**موتریب ب دەفێ ڕابدە سێگاە و شەبابێ**

جەزیری سەماع بە **شێوازێکی عیبادەت** لە قەڵەم دەدات و پێی وایە تەسبیح و بەرماڵ -دوگورد- بەوپەردەیەیە کە هەندێک لە وشکە سۆفی بەکاریدەهێنن بۆ داپۆشینی کەموکوڕییەکانیان، لەلایەکی دیکەشەوە ئەمانە وەکو هۆکارێک بەکاردەهێنن بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خەڵکی. بۆیە داوایان لێدەکات واز لە تەسبیح و بەرماڵ بهێنن و ڕووبکەنە ڕێبازی مەستانە، بۆ ئەم مەبەستەش داوا لە مەیگێڕ دەکات بە دووپیاڵەیان پێشکەش بکات بۆئەوەی مەست ببن. هەروەها داوا لە موتریب دەکات بە دەنگی نای نوێیان بکاتەوە، واتا ڕێچکەی نوێیان پیشانبدات کە سەماعە:

'چ داوەتە'

**هەیهەیا ڕەقس و سەمایا تە چ خوەش بەستییە چەرخ**

**کو د بورجێ ب سەما تێتە ل سەر دەستێ خوە بەرخ**

**سوفیێن هەر د تەوافێ حەجەرولئەسوەدە قەسد**

**گوڵ و سونبول ب سەما تێن حەمییان زەمزەم و چەرخە** (٢٤٧)

جۆرێکی دیکەی سەماع لای جەزیری سەماعی خۆشییە، وەکو لێرەدا دیارە مەبەست لەناو نیشانەکەی ' چ داوەتە' وەکو 'عرس' ەکەی مەولانایە. شاعیر وەسفی ڕەقس و سەمای سەماعکاران دەکات کە چەند خۆش حەلقەیان بەستووە دەسوڕێنەوە، لێرەدا دیسانەوە جەزیری سوڕانەوەی سۆفیەکان هاوتای سوڕانەوەی حاجیان دادەنێ کە بەدەوری کەعبەدا دەسوڕێنەوە و دڵیان خۆشەو شیعرو مۆسیقای سەماعکاران هاوتای وێرد و سرودی حاجیان دادەنێ کە لەکاتی تەوافدا دەیڵێن. چونکە لەو بووە عیبادەت بەهەر جۆرێک بکرێت دروستە بەمەرجێ هەنگاوەکانی لە دیداری خودات نزیک بکەنەوە. وادیارە جەزیری لە خۆ شاردنەوە بێزار بووەو پەردە لەسەر نهێنییەکانی خۆی ڕادەماڵێت کە خۆی وەکو مەلایەک دەرخستوە، بۆیە دەڵێ من عاریفی گەورەی سەردەمەکەی خۆمم و ئەگەر مەعروفی کەرخی' گەورە عاریف لە ژیاندا بووایە لێم تێدەگەیشت و شاهێدی ئەوەی بۆ دەدام.

### ٢-٣ ئەرک و ئامانجی سەماع لای جەزیری:

بێگومان بابەتی سەماع لای جەزیری قوڵبوونەوەی تێداکراوەو چەندین ئەرک و ئامانجی تایبەتی تێدا بەدیکردووە، هەر بۆیە شاعیر بەو شێوەیە هۆگری بابەتەکە بووە و دەکرێت بوترێت بابەتی سەماع کاریگەری و ڕەنگانەوەی بەسەر سەراپای دیوانەکەیدا هەیە. بۆ ئەم مەبەستە و بە مەبەستی پوختکردنی بابەتەکەش ئێمە لێرەدا قەسیدەی 'ڕەقسی مەستانە' مان هەڵبژاردووە کە وەکو ناسنامەی سەماعە لە دیوانەکەیدا و هەروەها ئاماژەی چەندین ئەرک و ئامانجی سەماعی تێداکردووە :

'ڕەقسی مەستانە'

**سەلوا سەهی قەد مەخمەلی دوکەمملی مەستانە ڕەقس(رقص)**

**وەر سوحبەتێ گەر قابیلی دێ بێت و ڕەت شاهانە رەقس**

**مەستانە مەستان نۆشەنۆش قەرقەف د جامان هاتە جۆش**

**مادێ بمینت کەس ل هۆش وەقتێ کو بێن دورپدانە رەقس**

وەکو ئاماژەی پێکرا جەزیری یەکێکە لە پەیڕەوکارانی ڕێبازی عاشقانە کە دڵ دەکا بەقیبلەی پەرەستن. لەبارەی سەماعیشەوە ئەم قەسیدەیە وەڵامی زۆربەی پرسیارەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەمان دەداتەوە چونکە کاریگەری بۆچون و کۆڕی سەماعی مەولانای ڕۆمی بە ڕونی لای جەزیریدا دەردەکەوێت. بۆئەم مەبەستە سەرەتا جەزیری بە چەند پرسیارێک دەست پێدەکات کە ئەو پرسیارانە پرسیاری سەرەکین لەبارەی سەماعەوە و دەڵێت: ئەگەر خۆت بە شیاوی ئەو کۆڕی سەمایە دەزانی وەرە ناو سەماوە چونکە ئەمە سەمایەکی شاهانەیە، لێرەدا شاعیر سەماع دەناسێنێت و مەرجی سەماعکردن دیاردەکات. بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا بە شێوەیەکی توانج ئامێز سنووری کۆڕی سەماع دیاردەکات کە هی خەڵکی ئاسایی نییە و مەبەستی لە وشەی شاهانە ئەوەیە کە تایبەتە بە سۆفی و عاریفە پێگەیشتوەکان. دواتر ئاماژە بە ئەرکێکی گرنگی سەماع دەکات و پرسیاری ئەوە دەکات ئایا کەسێک هەیە بەبیستن و بینینی کۆڕی سەماع مەست نەبێت و جەزبە نەیگرێت؟ چ جای سەماکارارانی. واتا ئامادەبوانی کۆڕی سەماع هەمووان لە وەجد و جەزبەدا دەبن بەبیسەرو بینەرو سەماکەرەوە. بۆیە جەزیری دەڵێ ئەگەر مەستی بادەش نەبیت بەبینینی ئەو دیمەنە مەست دەبی. کەواتە لێرەدا ئەرکێکی سەماعمان پیشاندەدات کە مەستبوونی بێ مەیە.

دواتر جەزیری ئاماژە بە دوو ئامانجی گرنگی دیکەی سەماع دەکات کە سوکبوونی ڕوح و وەگرتنی نوورە لە ڕێگەی سەماعکردنەوە، بۆیە دەڵێت: خۆشەویستانی کۆڕی سەماع وەکو ئەستێرەی گەشاوە وان لە دوورەوە دەدرەوشێنەوە، چونکە سۆفی عاریف چەند دەسورێنەوە ئەوەندە ڕوحیان سوکدەبێت و لەشەقەی باڵدەدات و تاکو لەگەڵ نووری حەقیقی یەکدەگرێت و دەبێت بە یەک پارچە نور. بۆیە کەسێکی وەکو جەزیری ئەگەر سەد گیانی شیرینیشی هەبێت دەیکاتە قوربانی ئەو کۆڕو سەمایەو هێشتاش پێی کەمە.

**کرشمەو رازا بەری عارف ڤە نابن لێ دەری**

**حەتتا د نێڤا ئاگری ئەو خەف نەبت پەروانە رەقس**

**ئامانجێکی دیکەی** سەماع خۆ تواندنەوەیە لە یادی خوداو خۆ داماڵینە لە هەرچییەک هەیە لە دونیا جگە لە دولبەری ڕاستەقینە. بۆیە لێرەدا جەزیری مەرجی گەیشتن بە خۆشەویستی حەقیقی، تێپەڕبوون و سووتان لە عەشقی مەجازی دادەنێت، بۆ عاریف پێویستە پەروانە ئاسا سەما بکات و بوونی خۆی لە بوونی دولبەری حەقیقیدا بتوێنێتەوە و ترسی لە سوتان و لەناو چوون نەبێت. چونکە عاریف هەرچەند زیاتر بسوتێت ئەوەندە ڕوناکی بۆ دەورووبەری زیاتر دەبێت.

**پەروانەیێ شەمعا گەشین زولفێن وەنازک راوەشین**

**شەوکێن د دلدا پێ خوەشین مە ژ پەنجەیێن شێرانە رەقس**

مردن و خۆ لەبەرچاو نەگرتن، **ئەرک و ئامانجێکی** دیکەی سەماعە. سەما کاران لەکاتی سوڕانەوەیاندا بەهەرجار پێ لەزەویدان نەفسی خۆیان دەکوژن و خۆ لەبەرچاو ناگرن، چونکە چەندە نەفس بمرێت ڕوح زیاتر سووک دەبێت بۆ ڕزگار بوون لە زیندانی جەستە و بەرز بوونەوە بۆ جێگای ئەزەلی. هەروەها جەزیری ئاماژە بە بوێری ئەوکارە دەکات

بۆ ئەو سەردەمە، وادیارە ئەوکات هێشتا سەماع نەخوازراو بووە بۆیە دەڵێ من دەزانم وەکو بڵێی لەناو چەمۆڵەی شێردا سەمادەکەم، واتا کارەکە چاو نەترسانەیە. بەڵام ناترسێ و مردن لەو ڕێگایە بە ئاواتی دەزانێت.

**وەقتێ خویا بن ئەرغەوان گول چیچەک و تەرحێن جەوان**

**ڤێرا نەبێ سەلوا ڕەوان عارف ل فەرقێ جانە رەقس**

لێرەدا جەزیری ئاماژە بەبەهار دەکات کە هێمایە بۆ دووبارە لەدایک بوونەوەی دوای مردنی سۆفی و عاریفە کاتێک نەفسیان دەکوژن، ئەمەش گرنگترین ئامانج و ئەرکی سەماعە. بۆیە بینینی دولبەری حەقیقی دڵخۆش و سەرمەستیاندەکات و سەماش هاوکاری فرینی ڕوح دەکات. بەڵام لێرەدا جەستە لەمپەرەو وەکو قەفەسە بۆ ڕوح. بۆیە لەم دۆخەدا عاریف وەکو مەلێکی سەربرزای پەرێشانی لێدێ کاتێ هەوڵی خۆدەربازکردن لە قەفەسی جەستە دەکات.

**ئیرۆ شەکەر خەندێ برین دەستێ سپی زەندێ برین**

**دیسا ب گۆڤەندێ برین دەردێ 'مەلێ' دەرمانە رەقس** (جەزیری،ل٣٣٥-٣٣٩)

لەکۆتایشدا جەزیری دوپاتی دەکاتەوە کە وێڕای ئەو هەموو ئازارەی کە بەهۆی سەماعەوە هاتوەتە ڕێی دیسانەوە ئەمرۆ بەئاماژەیەکی دولبەر چوویتەوە کۆڕی سەماع، ئەمەش هێمای بەردەوامیدانە بە بابەتەکە. هۆکاری بەردەوامی دانەکەش ڕوندەکاتەوە و دەڵێ: سەما وەکو دەرمانی ئازارو برینەکانیەتی، کە ئەمەش ئەرکێکی گرنگی دیکەی سەماعە و وەکو هەتوانی برینی عاریف و سۆفیە بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانی. بۆیە دەردی دڵی مەلا دەرمانەکەی هەر سەمایە و هیچی تر نا.

**پاش فیرقەتێ زۆر مەحەبەتێ م ژ تەلعەتێ چووم حەزرەتێ**

**وەسلا حەبیب من بوو نەسیب مەلعوون ڕەقیب ڕەنجوور بوو**

**جاما زەلال خەمرا حەلال یارێ شەپال دامن ب حال**

**عیشقا غەدار سوهتی ستار نێڤ ما و یار سەد سوور بوو** (جزیری، ل٤٨٦)

لێرەدا جەزیری ئەرک و ئامانجێکی دیکەی سەماع پیشاندەدات کە دۆخ و حاڵی خۆشی و دڵ گوشاد بوونە دوای دۆخی دڵگوشین، کە زۆرجار سالیک بەهۆی سەماعەوە ئەم دۆخ گۆڕکێیە دەکات. هەروەها ئاماژە بە بورانەوە و لەخۆچوون دەکات، کەدەرەنجامی ئەو گۆرانکارییەیەو سەرمەست بونیەتی بە پێکی یار، کە ئەمەش خەسڵەتێکی دیکەی کۆڕی سەماعە.

**ئەم ب سەماییێ برین**

**ڕەقس و سەما ژێ(سەماژی) وەما** (جەزیری،ل٢٨)

ئەرکێکی دیکەی سەماع فەنابوونی سەماکارانە وەکو جەزیری دەڵێت : مەرجی دەرکەوتنی یارو دەستگرتنی سەماکاران و ڕاکێشانیان بۆ ناو کۆڕی سەما، فەنابوونی دڵدارە، واتا عاریف ئەوکاتی کە هەموو شتێکی لەو ڕێیەدا لەدەستدەدات ئەوکات دولبەری حەقیقی وەکو خەڵاتێک دەستی دەگری و دەیباتە کۆڕی سەما.

**ئەز چوومە سەرایێ کو شیرین قەد د سەمایێ**

**گۆ ئەڤ نە 'مەلایێ' مەیە؟ بێ پەردە بلا بێ** (جزیری،ل٥٥٨)

لێرەدا ئامانج لە سەماع ویسالی دولبەری حەقیقییەو نەمانی پەردەی نێوانیانە، بێگومان دوای داماڵینی ڕوح کە بە هەر پێ لەزەوی کوتانێک نەفسی دەکوژێت و بە سوڕانەوەشی خۆی لە هەرچی باری دونیاییە دادەتەکێنێت، بەمەش ڕوحی سووک دەبێت و بەرەو دیداری دولبەری ئەزەلی لەشەقەی باڵدەدات و نهێنی پەیوەست بوونی بە کۆڕی سەماعەوە ئاشکرا دەکات کە پەردە لابردنی دولبەری حەقیقییە لەو کۆڕەدا. هەر ئەمەشە هۆکاری مەستی و جۆش و خرۆش، جەزبەو وەجدی سەماکاران.

### ٣-٣ ئامێرە مۆسیقییەکانی سەماع لای جەزیری:

دەکرێت بوترێت بابەتی مۆسیقاو سەمای مەستانە لەدیارترین تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی دیوانی جەزیری هەژمار دەکرێن و شاعیر زۆر شارەزایانە ناوی چەندین ئامێرێکی مۆسیقی و تایبەتمەندی و سیفەتەکانی هێناوە. بەڵام لەبەر ئەوەی زۆرجار ناوەکانی لەپاڵ یەکتریدا هێناوە بۆیە ناکرێت بە شێوەی جیاکاری باسیان لێوە بکرێت. بۆنموونە:

**تو جارەک گوهدە پەیغامێ ژ دەنگێ عوود و تەنبوورێ** (جەزیری،ل٦٨٥)

**یارێ کو دی ئەم گەدا دەست ب دەستێ مە دا**

کاتێک کە دیوانی جەزیری دەخوێنیتەوە تێبینی ئەوە دەکەرێت کە شاعیر شارەزاییەکی تەواوی لەبواری زانستی مۆسیقاو ئامێرەکاندا هەیە، چونکە لەپاڵ ناوهێنانیان تایبەتمەندی و جیاکاریشیان باسدەکات، -کە باسکردنیان کاری ئەم توێژینەوەی ئێمە نیە- بەڵام ئەو ئامێرانەی کە لەپاڵ سەمای مەستانەدا ناویان دەبات چەند دانەیەکی دیاریکراون. لێرەدا هەوڵدەدرێت بە پوختی ئاماژە بە گرنگترینیان بکرێت:

**سوحبەت ب سازان هاتە ساز پێ مەووجی دەریایێ ناز**

**دا دل ژ نوو بایێ مەجاز وێ کەشتیێ سوککانە رەقس**

شاعیر دەسپێکی کۆڕو بەزمی سەماع پیشاندەدات کە بە ساز دەستی پێدەکات، بێگومان هەر ناوچەو دەسپێکی تایبەت بەخۆی هەیە وادیارە لای جەزیری دەسپێک بە دەنگی ئامێری سازە. هەرکە دەنگی ساز بەرز دەبێتەوە ئیتر ناخی سۆفی و عاریفا دەکەوێتە جۆش و خرۆش، هاوشێوەی شەپۆلدان بەناو دەریای نازی عەشقی حەقیقدا. بۆیە جەزیری کۆڕی سەماع بەکەشتیەک دەچوێنێ کەبەناو ئەو شەپۆلانەدا دەڕوات بەبێ ئەوەی نقوم بێت و رووی لەئامانجە. چونکە سوکانی ئەوکەشتیە هەڵپەڕکێیەو سەما ئاراستەی دەکات و عەشقیش ئەو بایە پاڵنەرەیە کە کەشتیەکە بەڕێوە دەبات. هەروەها لەبارەی 'نای' یەوە دەڵێت:

**وەر گۆە بدە نایێ کو شیرین قەد د سەمایێ**

**پور حەلکرنە مەسئەلە ڤێ فەسلێ خیتابێ**

لێرەدا شاعیر قسەی کۆتایی لەمەڕ بابەتەکەوە دەکات و دەڵێ: لەباتی ئەوەی خەڵکی فریو بدەی بە تەسبیح و بەرماڵ، وەرە کۆڕی سەماع و گوێ بدە دەنگی 'نای و دەف' کاتێک بەرز دەبێتەوە بێدەنگی باڵ بەسەراپای شوێنەکە و خەڵکاندا دەکێشێت و بێ ئاگاو مەستیان دەکات. وەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا نای دەنگی گلەیی ئەو دابڕانە بەرز دەکاتەوەو داوای بەیەکگەیشتن و دیدار لە دولبەری حەقیقی دەکات، دەفیش هێمای فەرمانی 'ببە' یە واتا داوا لە خودا دەکات گوێ بۆ دەنگی 'نای' بگرێت و فەرمانی ببە بدات، واتا داواکاریەکەی 'نای' جێ بەجێ بکات. دیسانەوە جەزیری سەبارەت بە فەتوای نای دەڵێت:

بێگومان دولبەر کاتێ بێ پەردە خۆی دەردەخا کە دڵدارەکەی بێ پەردە بانگی بکات:

**کەسێ بێ پەردە مەحرەم بت دڤێ بێ پەردە وەک نەی بێ**

**روباب ە چەنگ هەمدەم بت د تاعەت مەستێ بێ مەی بێ**

**د دەستدا جامێ وەک جەم بت ژ رەنگ ئایینە یا غەیبێ** (جەزیری،ل٦٨٤)

واتا کەتێکەڵ بە کۆڕی سەماع بووی بۆئەوەی بە نامۆیی لێتەڕوانن پێویستە وەکو نای بێ پەردە بیت و مەنگ هەڵێنی و هەمووان بزانن چیتدەوێ و سڵ لە هیچ کەس و هیچ شتێک نەکەیت، هەروەها پێویستە هاوڕازی ساز بیت. ئەوکات جامەکەی دەستی عاریف لەبری مەستی ئاگایی دەهێنێت ونهێنیەکانی بوونی بۆ ئاشکرادەکات. لێرەدا شاعیر نموونەی جامەکەی دەستی جەمشێری هێناوەتەوە بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکە. واتا وەک چۆن لەڕێگەی ئەوجامەوە درک بە نهێنی جیهانبینی دەکرێت، سەماعیش هاوشێوەی ئەو ئاوێنەیەیە و دەتوانرێت بەهۆیەوە درک بە نهێنییەکانی بوون و گەردون بکرێت. هەروەک چۆن ئاوێنەی جادوویی توانای پیشاندانی نهێنییەکانی هەیە، لە کۆڕی سەماعیشدا بەهەمانشێوە پەردە لەسەر زۆر نهێنی لاچێت کە عاریف عەودالیەتی.

**مەی هاتە فینجانا سەدەف کەس دێ ڤەخوت ئیرۆ خەف**

**ساقی ب چەنگ و نای و دەف فەرفووریيا مەهتاب** (جەزیری،ل٢٣)

واتا کاتێک مەی حەقیقی دەڕژێتە جامەکەتەوە و مەست دەبی ئیتر ناتوانیت بیشاریتەوە، چونکە کەس هەیە مەست بێت و بتوانێت بیشارێتەوە؟ چ جای ساتیٚ مەیگێر بە نەی و دەف و چەنگ پیاڵە پێشکەسدەکات، هەمووان مەستانە دەسوڕێنەوە.

**گۆه دە ئاوازێ نەیێ وەقتێ سەما تێن موعبەچین**

**فەهمێ رازێ گەر دکی چاوا دنالن چەنگ و ساز**

**ئەو دلێ من وەک کەبووتەر نابتن کەس لۆمە کەت**

**لەو دڤێ تووری وەدا کەفتی مە دین سەد شەهباز**

واتا ئەگەر گوێت لە ئاوازی نەی بێت لە کۆڕی سەماعدا، هەروەها ئەگەر تێبگەی لە نهێنی ناڵینی چەنگ و ساز. ئیتر لۆمەم ناکەن لەوەیکە دڵەی کۆتر ئاسام لەو ساتەدا دەبێتە سەد شاهباز لە هێزو توانا و تیژڕەوی و فڕیندا. لێرەدا جەزیری ئاماژە بە ئازادی ڕوحی دەکات کە چۆن وەکو شاهباز لەشەقەی باڵدەدات لەکاتی سەماعدا. جەزیری داوا دەکات لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەم دۆخە نەکرێت و تەنها باوەڕی پێ بکەن:

**دێ بشارەت ژ ئشارەت ژ نەیێ بێتە سەماع**

**تو ژنایێ و سەمایێ بکە باوەر مەکە بەحس**

**دێ بهانی ب دەرئاغووش و بدی جانێ شیرین**

**شآخێ عمرێ بخوە بەر ژێ و ژ قەیسەر مەکە بەحس**

لێرەدا شاعیر ڕاشکاوانە ئاماژە بە دەسکەوتەکانی سەماع دەکات بەوەیکە نەی موژدەی ویسالی دولبەری حەقیقی پێیە لە کۆڕی سەماعدا، ئەم موژدانەشتاییەت دەکاتبەوکەسانەیکە ئەهلی دڵن و پێویستیان بە بەڵگە هێنانەوە نییە، لەهەمان کاتیشدا داوای ئەوە دەکات نهێنی ئەم ویسال و بەیەکگەیشتنە بپارێزریتو نەدرکێنرێت. وا شاعیر دەخوازێت نە پرسیارو لەوبارەیەوە بکرێت و نە باسی ئەو ئەزموونەش بۆ کەس بکرێت، چونکە هەمووکەس توانای تێگەیشتنی بابەتەکەیان نییە.

### ٣-٤ سەماع و وەجد لای جەزیری:

وەکو پێشتریش ئاماژەی پێکرا سەماع و وەجد دووانەیەکی لێک دانەبڕاون و بەردەوام لەگەڵ یەکتریدا دەردەکەون، بێگومان جەزیری ئەو ئەزموونەی درک پێ کردووە بۆیە توانیویەتی بەم شێوەیە گوزارشتی لێوە بکات:

**وان درەقسێدا کو دیم ئاور پەیاپەی دانە من**

**بەرق و تیرێژان ل دلدان جەزبەیا عیشقێ رەڤام** (جەزیری، ٤٣٩)

لێرەدا جەزیری ئاماژە بە دەسکەوتێکی کۆڕی سەماع دەکات کە هاوکاتە لەگەڵ وەجددا، چونکە لە کۆڕی سەماعی ڕاستەقینەدا دولبەری حەقیقی بێ پەردە خۆی دەردەخات و ئەمەش دەبێتە هۆی فەنابوونی عاشقانی ڕاستەقینە. بۆیە جەزیری دەڵێت: لە کۆڕی سەماعدا یار دیتمی و بە نیگاکانی ئاگری لەدڵم بەردا و تیرێژی جوانییەکەی وەجدی بۆ هێنامە ئاراوەو ئیتر لەوە بەدواوە من نەمام و لەناو چووم. جەزیری باس لە چۆنییەتی ئەم دەرکەوتنە دەکات و دەڵێت:

**ئەو یەک ب یەک خالی نەن بێ حیکمەتەک عالی نەن**

**گەر ڤان سورەک حالی نەن ئەو رەقس چرا مەستانەدا**

**مەستانە گۆڤەندێ دکن رەقسێ ل دۆر فەندێ دکن**

**قەستا شەکەر خەندێ دکن لەعلان ژ گەوهەر خەندەدا** (جەزیری، ٦٦٤)

لێرەدا جەزیری ئاماژە بەوە دەکات کە سەرلەبەری ڕەگەزەکانی کۆڕی سەماع هۆکاری وەجدن لای سالیک، چونکە دولبەری حەقیقی هەرجارەو لە شتێدا خۆی دەنوێنێت ، جارێک لە جامی بادەدا و جارێکیش لە دەنگی بلوێردا. بەمەش

ڕوحەکان لەو کۆڕەدا دەکەونە هەڵپەرکێ و سەماو ئازاد دەبن، هەروەها ئەوین مەی لەو کۆڕەدا گێراو جوانی خستە ژێر دەستی خۆیەوە.

**زوهرە خورشید من دیتن د قەوسێ هەم قیران**

**سوڕڕێ دا دل عەقرەبان چەرخ و سەماو هەی هەیە**

**عقرەب و قوس و قەزەح، ڤێرا موقابیل موشتەری**

**ڕۆژ و شێڤ و نوور و تیرێژ، بەرق و هەم ئیسپێدەیە**

**ئەو حەمی ڤێکرا مە دین، تێکل د چەرخێ جارەکی**

**هی ژوان بێ حالم ئەز ئەحوال و عیشق و جەزبەیە** (جزیری،ل٥١٠)

لێرەدا شاعیر تیشک دەخاتە سەر ئەو نهێنیانەی کە بەهۆی وەجدەوە لە کۆڕی سەماعدا دێنە گوتن. جێی باسە جەزیری لە چەند جێگایەکی دیکەشدا ئاماژەی بەوە کردووە کە سەماکارانی کۆڕی سەماع کاتێک بەدەوری خۆیان و دواتریش بەدەوری شێخیاندا دەسوڕێنەوە، هاوشێوەی خولگەی هەسارەکانن کاتێک بەدەوری خۆیان یان خۆردا دەسوڕێنەوە، ئاشکرایە ئامانجی ئەم خولگانە دروستبوونی شەوو ڕۆژ و گۆڕینی وەرزەکانە، واتا ئامانج دروستبوونی گۆڕانکارییە. لە کۆڕی سەماعیشدا سالیک بەهەمان شێوە لە دۆخی تاریکی شەوی چەمەڵانی دەروونەوە بەرەو ڕوناکی سپێدەی بەیان دەچێت و بەرچاوی ڕووندەبێت و زۆر نهێنی بۆ ئاشکرا دەبن کە پێشتر پەی پێ نەبردووە، بۆیە زۆرجار ئەو نهێنیانە بەنائاگایی بەدەم ئاشکرا دەکەن و ڕووبەڕووی کێشەدەبنەوە. هەروەها بەهەمان شێوەی گۆڕینی وەرزەکان حالی سالیک گۆڕانکاری بەسەردادێت وەک چۆن مرۆڤ و سەرجەم بوونەوەران بەهاتنی وەرزی بەهار دەکرێنەوەو دڵخۆش دەبن سالیکیش بەهەمان شێوە لەکاتی سەمادا زۆرجار لە لەحاڵی دڵگوشین'قبض' بەرەو حاڵی دڵگوشاد'بسط' دەچێت.

### ئەنجامەکان:

١- شارەزایی هەریەک لەو دوو شاعیرە لەبواری مۆسیقاو ئاوازو ڕەنگدانەوی لە شیعرەکانیان هێمای شارەزایی ئەو دوو شاعیرەیە لە بواری سەماعدا.

٣- سەرچاوەی عیشق لای هەردوو شاعیر ئەزەلی و ئەبەدییە، کە لەڕۆژی 'قالو بلی' دەستی پێکردوە تاوەکو ڕۆژی دوایی. سەماعیش نوێکردنەوەی پەیمانی 'ئەلەست'ە بۆیان.

٤- هەریەک لە مەولاناو جەزیری سەماع بە جۆرە عیبادەتێک دادەنێن نەوەک چێژێکی جەستەیی.

٥- هەریەک لەو دوو عاریف و شاعیرەوە پێیان وایە: هەرچەندە ڕێگاکان جیاوازن و ناوەکان جۆراو جۆرن بۆ عیبادەتکردن، بەڵام ئامانج تەنها یەکە. سەماعیش ڕێگەیەکی تایبەتە بۆ گەیشتن بە حەقیقەت. بۆیە سوڕانەوی سەماعکاران هاوتای نوێژ و تەوافی حاجیانە بەدەوری کەعبەدا. جەزیری زیاتر قوڵدەبێتەوەو سەماع بە هاوتای تەسبیحات و زیکریش دەزانێت.

٦- وەکولەبەڵگەشیعرییەکاندا دیارە دەسپێکی کۆڕی سەماع لای جەزیری سازە و لای مەولانا 'نەی' یە. ئەمەش تایبەتمەندی و جیاکاری سەماعە لای هەریەکیان.

٧- ئەرک و ئامانجی سەماع لای هەردوو شاعیردا خۆی لەمانەدا دەبینێتەوە:

ا- سوکبوونی ڕوح و دەرباز بوونی لە قەفەسی جەستەدا

ب- کوشتنی نەفس و داماڵینی لەهەرچی پەیوەستییە مادییەکانە

پ- لەدایک بوونەوەی دووەم

ت- دڵگوشادبوونی دوای دڵگوشین

ج- کۆڕی سەماع شوێنی دیداری بێ پەردەی دولبەری حەقیقییە.

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوەکان بەزمانی کوردی:


- خەزنەدار، دکتۆر مارف(٢٠٠٢) مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی٢، چا١، ئاراس، هەولێر.
- خودادادی، دکتۆر مەحەمەدی (٢٠١٦) عیرفانی شەمسی تەبریزی، و/ یاسین نادر ڕەحمان، چا١، سلێمانی.
-جەزیری، شێخ ئەحمەد (١٣٩٣) دیوانی شیعرهەژار شەرحی کردووە، پانیز.
- سەجادی، عەلائەددین(١٩٥٢) مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەو شوێنی چاپ نادیارە.
- سروش، دکتۆر عەبدولکەریم( ٢٠١٦) ، ئاییناسی مەولانا، و/ موسعەب ئەدهەم، ئەندێشە، سلێمانی.
- سورەوەردی،عومەر(٢٠٢١)، عەوارفی مەعارف، وەرگێرانی: هۆشەنگ شێخ محەمەد یوسف،چاپی یەکەم، ناوەندی فێربوون.
- شکار، د.سەبوور عەبدولکەریم، جەمکی ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی و مەولانای ڕۆمیدا، چا١، غەزەلنوس، تاران.
- شوان، ابراهیم احمد (٢٠١٤) سۆفیگەری 'شیعری ئایینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا'، چا٢، هێڤی، هەولێر.
-ڕەسووڵ، پرۆفیسۆرد.عیزەدین مستەفا(١٩٩٠) مەلای جەزیری شتێک لەبارەی ژیان و بەرهەمی، چا زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
.......................(٢٠١٢) مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی١، سلێمانی.
- کەسنەزانی و بەرزنجی، بوشرا ود.سەباح (٢٠٢٣) فەرهەنگی پیران سەبارەت بە زاراوەی تەسەوف و عیرفانی، سەردەم، سلێمانی.
- مەلا، د. ئەحمەدی (٢٠١٣) مەحوی لە نێوان زاهیرییەت و باتینییەت و سەرچاوەکانی عیشق و وێنەی مەعشوقدا، ڕۆژهەلات، هەولێر.
- محەمەد و کوێخا محەمەد، د.دارا حەمید و ئیبراهیم (٢٠١٤) توێژینەوەکانی کۆنفراسی زانستی تەسەوف، چا١، کارۆ، کەرکووک.
- وەسمان، محەمەد (٢٠١٤) فەلسەفەی سۆفیگەری لای ئیمامی عەزالی ، بن عەرەبی، مەولانای ڕۆمی، چا٢، ئاوێر، هەولێر


### سەرچاوەکان بەزمانی فارسی (منابع):


- امین،زیبز اصفی (١٣٩٠) رقص سماع/رقص عشق، شعر نو/ ادبی و هونری، شماره١١ سال ٩
- انصاری، خواجه عبدلله (١٣٨٨) صد میدان، بررسی، تصحیح متن توضیحات و فهرستها از سهیلا موسوی سیرجانی، چ٣، زوار، تهران.
- باخرزی، ابوالمفاخر یحیی(١٣٥٨) اوراد الاحباب و فصوص الاداب، بکوشش ایرج افشار، تهران.
- پور جوادی، نصرلله (١٣٩٣) زبان حال در عرفان و ادبیات پارسی، نشر نو، تهران.
- تبریزی، شمس (١٣٦٩) مقالات با مقدمه و حواشی محمد علی موحد، خوارزمی، تهران.
- حلبی، علی اصغر(١٣٨٣) جلاوەهای عرفان و چهرەهای عارفان، چ١، قطره، تهران.
- حیدرخانی، حسین (١٣٧٦) سماع عارفان، چ١، سنائی، تهران.
- خیرابادی، عباس (١٣٨٥) پرواز از برج معنای سماع، مجله ادبیات فارسی – دانشگاه ازاد مشهد- بهار، شماره٩.
- چیتیک، ویلیام (١٣٨٨) درامدی بر عرفان و تصوف اسلامی، ترجمه پروین جلیل، ١، حکمت، تهران.
- رجایی، احمد علی (١٣٤٠) فرهنگ اشعار حافض، زوار، تهران.
- روحانی نژاد، حسین (١٣٨٨) مواجید عرفانی، چ٢، فرهنگ و اندیشەی اسلامی.
- زرین کوب، عبدالحسین(١٣٦٤) سر نی، چ١، علمی، تهران.
- ........................ (١٣٧٦) سماع عارفان، چ١، سنائی، تهران.
- ........................ (١٣٨٦) بحر در کوزه، چ١٢، علمی، تهران.
- ........................ (١٣٨٧) ارزش میراث صوفیه، چ١٣، امیر کبیر، تهران.
- زمانی، کریم (١٣٨٧) شرح جامع مثنوی، چ١٦، علمی، تهران.
- سجادی، دکتر سید جعفر ( ١٣٧٠) فرهنگ اصطلاحات و تعبیرات عرفانی، طهوری، تهران.
- سجادی ضیاء الدین (١٣٧٢) مقدمەی بر عرفان و تصوف، سمت، تهران.
- ........................(١٣٨١) فرهنگ اصطلاحات و تعبیرات عرفانی، چ٦، ضهوری، تهران.
- .................. (١٣٨٤) عوارف المعارف، ترجمه: ابو منصور بن عبدالمؤمن اصفهانی، چ٢، علمی و فرهنگی، تهران.
- سرامی، قدمعلی(١٣٨٤) از خاک تا افلاک(سیری در سروده های مولانا جلال الدین) ، چاپ دوم، تهران، انتشارات ترفند.
- شفیع کدکنی، محمد رضا (١٣٨٨) انسوی حرف و صوت(انگیزەی اسرار التوحید)، چا٣، سخن، تهران.
- شوالیه، ژان و دیگران (١٣٨٨) فرهنگ نمادها، ترجمه: سودابه فضایلی، ج٣، چ٢، جیحون، تهران.
- غزالی، محمد (١٣٧٤)، ج٢،
- .............. (١٣٧٥) کیمیای سعادت، به تصحیح حسین خویوجم، چ٧، علمی فرهنگی، تهران.
- ............... (١٣٨٦) احیا علوم الدین، ج٢، مترجم: محمد خوارزمی، علمی فرهنگی، تهران.

- کاشانی، عزالدین محمود (۱۳۸۹) مصباح الهدایه و مفتاح الکفایه، به تصحیح استاد علامه جلال الدین همایی، ج۱، زوار، تهران.
- کزازی، میرسید جلال الدین (۱۳۸۸) از گونه‌ی دیگر، چ۳، مرکز، تهران.
- معین، محمد (۱۳۹۰) فرهنگ فارسی، چهار جلدی، چ۳، دبیر و بهزاد، تهران.
- مصطفی و سید مهدی، ملک پائین و رحیمی(۱۳۹۱) جایگاه سماع در امهات متون عرفانی تا قرن پنجم، نشریه ادبیات عرفانی، پاییز و زمستان، شماره۷، علمی پژوهشی isc
- مولوی، جلال الدین (۱۳۸٦) کلیات شمس تبریزی، ج۳، نشر تلوع.
- .................... (۱۳۸۰) مثنوی معنوی، تصحیح: رینولد نیکلسون، ج٤، پیمان، تهران.
- محمد بن منور(۱۳۷۱) اسرار توحید فی مقامات شیخ ابی سعید، اگاه، تهران.
- نصرتی و عربی، عبدلله و فرشاد (۱۳۹۱) سماع در مثنوی معنوی و اللمع سراج، نشریه عرفانیات در ادب فارسی، تابستان، شماره ۱۱، علمی پژوهش isc
- نوربخش، جواد(۱۳۷۲) اصتلاحات تصوف، ج۱، چ۳، مؤلف، تهران.
- هجویری، ابو حسن علی بن عثمان (۱۳۸٦) کشف المحجوب، تصحیح دکتر محمود عابدی، چ۳، سروش، تهران.
- همایی، جلال الدین(۱۳٦۳) مولوی نامه، چاپ دوم، تهران، انتشارات آگاه.
- یوسف پور، محمد کاضم (۱۳۸۰) نقد صوفی، بررسی انتقادی تاریخ تصوف با تکیه بر اقوال صوفیان تا قرن هفتم هجری، روز نه، تهران.

## عواقب "سماع" في شعر مولانا وملا جزيري"

**سميه نجيب خليل**
قسم الكيميا وبتروكيميا،كلية الهندسه،جامعة صلاح الدين-
أربيل،أقليم كوردستان،العراق
Sumaya.khalil@su.edu.krd

**الملخص**

" سماع" هو واحد من أحدث الظواهر في الأدب الصوفي الإسلامي، الذي حظي حاليا بشعبية بين أتباع مذهب مولانا الصوفي. يقوم هذا المقال بدراسة أهميته في الأدب الصوفي كتعبير عميق ومصدر غني للتجربة الروحانية؛ يستكشف ديناميات الداخلية للجذب والتنافر والتحول، التي غالبا ما تؤدي إلى اندماج فريد لجوهر الفرد مع الإلهي. أكبر مساهمة لمولانا في ديوان شمس هي "سماع"، حيث يوفر وسيلة رفيعة المستوى للوصول إلى الحقيقة وتحقيق الفناء الكامل والاتحاد مع الإلهي. يعتبر عمله، وخصوصا "المثنوي لملا جزيري"، من أبرز الأمثلة على التعبير المتأمل والروحاني، حيث يجسد جوهر "سماع" في عمله العام وبشكل خاص في قصائد "الرقص المتأمل" و "الشوق". وبالتالي، تسعى هذه الدراسة إلى توضيح تقنية وفاعلية ترجمته وآثارها.

ينقسم هذا البحث إلى قسمين رئيسيين: القسم الأول يركز على استكشاف وتوصيف "سماع" بشكل عام وعلاقته المحددة بالصوفية الإسلامية، مع الإشارة بشكل خاص إلى دمج أعمق المفاهيم الصوفية والروحانية. بعد ذلك، يقدم تحليلاً لأصول وأنواع دوائر السماع وعلاقاتها. في القسم الثاني، وبنهج مقارن، يحلل الترجمة الشعرية لكل جانب من جوانب سماع مولانا الرومي وملا جزيري، ويستخلص النتائج ويقدم قائمة الاستنتاجات الهامة.

**الكلمات الرئيسية:** سماع، مولانا الرومي، ملا جزيري، "الرقص المتأمل"، "الشوق

## Consequences of "Samaa" in the Poetry of Rumi and Jaziri Moulana

**Sumaya Negeeb Khalil**
Department of Chemical and petrochemical,
College of Engineering, Salahaddin
University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Sumaya.khalil@su.edu.krd

**Abstract**

"Samaa" represents a recent phenomenon in the Islamic mystical literature. "Samaa" is becoming more popular among those who follow Moulana's mystical teachings. This article explains how "Samaa" is important in mystical writings, serving as a powerful way to express deep feelings and spiritual encounters. It talks about how it can make people feel drawn to it or sometimes push them away, and how it can change them inside, often bringing them closer to the divine. Moulana's greatest gift to the Divan-e Shams is "Samaa," offering a profound way to discover truth and connect fully with the divine. His masterpiece, "The Mesnevi of Jaziri," is a standout example of ecstatic and mystical writing, reflecting the spirit of "Samaa" throughout, especially in poems like "The Ecstatic Dance" and "The Yearning." This study aims to explain how he uses this technique and what it means.

This paper has two main parts: first, it looks at "Samaa" in Islamic mysticism, discussing its meaning and how it relates to key Sufi ideas. It also talks about the different kinds of Samaa gatherings and how they're connected. Then, in the second part, it compares how Moulana Rumi and Jaziri approach Samaa in their poetry, drawing conclusions and highlighting important points.

**Keywords:** Samaa, Rumi, Jaziri, "The Ecstatic Dance," "The Yearning".